بوو ٠ هیچ کارێك ئەویش کاری وا ئەستەم و گران بێ کەم و کووڕی نابێ ، ڕەنگە ئەو کارە گەورەش نەختە نەقسێکی هەبێ بەڵام بێ گومان هاوتا و وێنەی نیە ٠

من بۆ خۆم پتر لە نیو چەرخە سەر و کارم دەگەڵ شیعری نالی دا هەیە ئەو سەردەمە کە وەك سوختەیەکی نەزان لە خانەقای شێخی بورهان بووم دەمدی مەلا زاناکان و موستەعیدە باشەکان لە سەر شیعری نالی دەمرۆن ، ئەگەر نیوە خوێندەواری وەك منیان بۆ حاڵێ نەبووبان ،هیچ نەبێ سەرنجیان بۆ لای مەلە لەو دەریا مەند. و بێ بەستێنە رادەکێشان ، چاپ بوونی دیوانی نالی لە لایەن کوردی و مەریوانی‌وە دەرۆیکی بۆ کردەوە ئەگەر چی ئەم دیوانە نازدارە ، بێ ئازارە دیو و دوژمنی پۆلیسی دەورانی ڕەشی پاشایەتی ڕەزاخان بوو و بە دەس هەر کەسەوە گیرابایە هاواری سەر و ماڵی بوو ٠ بەڵام من پەیدام کرد بوو و بە دزیەوە دەمخوێندەوە ٠ موقبیل بە چاپ کردنەوەی دیوانی نالی سەرەڕای ئەم کەم و کووڕیانەی لە کاری دا هەبوو پتری بەرە و تی گەیشتنی شیعری نالی بووم ٠ نیو و نرکە و هێزنی گیو لە نالی نەترازاندم تەنانەت چاپەکەی مووەفەقیشم نەك جارێك دەیان جار خوێندەوە ٠ خوا لێ خۆش بوو حاجی مەحموودی وەتە میشیم کە بازرگان و ملکدارێکی پیر و خۆشزەوق بوو ، باش دەناسی و بە حاڵەوە دیتنی بۆ من هاسان

نەبوو چونکە ئەو هاوین و بەهار لە دێ بوو ، منیش هەر لادێیی بووم و کەمتر دەچوومە شار کە رستانان بە خزمەتی بگەم زۆرم کەلك لە شیعر ناسی ئەو پیاوە گەورە وەرگرت کە رەنگبێ کەم کەس مابن لە بیریان بێ ئەدیبێکی چەند لێزان و رەخنەگرێکی چەند بە ئینساف و پیرە پیاوێکی چەند قسە خۆش بوو · ئێستاش بۆم روون نەبۆتەوە ئەو بازرگانە زیرینگە کە سەر و کاری دەگەڵ گەز و جاو و کەتیرە و مازوو و خوری و مافوورە بو و · چون ئەو هەموو شیعرە کورد یە جوانانەی لە بەر بوون · ئایا بەیاز و دەستنووسی باشی بوون و دەری نەدەخستن یا حافیزەی وا بە هێز و قەوی بوو کە چی لە بیر نەدەچۆوە · بە رەحمەتی خودای شاد بێ · ئاخ و داخ چەن گەورە پیاومان بوون و حاجی قادر کوتەنی : ( لە بەر بێ دەفتەری گوم بوون و فانی ) ·

شەقی رۆژگار هەڵیداشتمە کوردستانی عیراق لە وێ زۆر نالی ناسم دیتن و باشترم نالی ناسی تا سەرم لە بەغدا هێنا دەر و بە خزمەت ماموستا مەسعوود موحەممەد گەیشتم · تا ئێستا کەسم نەدیوە وا لە شیعری نالی بگا · گەت و لەفتێکی خۆشی بوو کە بە بەیانی سیحراوی خۆیەوە دەهاتە سەر شی کردنەوەی شیعری نالی خۆی مەست و سەر خۆش دەبوو و گوێگری وە جۆش دەهێنا · داخم ناچێ ئەم ماموستا ـ یە ئەوەندەی لە سەر شیعری نالی دەدوا ئەوەندەی نەدەنووسی تا

دەزانن رەدیف و قافیە چن ؟ بە رەحمەتی خودا شاد بن ئەو مامۆستا-یانەی بێ ورد بوونەوە و بێ ئەوەی بزانن شێعر چی یە ؟ فەرموویانە ئیحساسی شاعیرانە لە شێعری نالی دا نیە یا کەمە تۆخودا خوێنەری خۆشەویستی شێعرناس سەرنجێکی بدە ئەم دیوانە تا بزانی ئەو هەزارانە چەند لەشێعرناسین دا کوڵەوار بوون .

لە جێگایەکەی تریش باسم کردوە کە قوتابخانەی نالی بە هۆی مەلا ساڵحی حەریقەوە لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە موکریان دا برەوی پەیدا کردوە .

لەم ساڵانەی دوایی دا کتێبێک بە فارسی بە ناوی ( ایران امروز ) بڵاو بۆتەوە کە لە نووسینی ( ئۆژێن ئوبین ) سەفیری وەختی فەرانسە کراوەتە فارسی . ئەم دیپلۆماتە لە ساڵەکانی ۱۹۰۷-۱۹۰٦ دا بە سابڵاغ دا تێ پەریوە وچەند لاپەرەیەکی ناشیانەی لە سەر ژیانی کوردی ئەم مەڵبەندە نووسیوە کە سەرنج راکێش نین . تەنیا ئەوندەی سەرنج راکێشە کە لە بارەی نالی دا نووسیویەتی :

①لە نێو مراستەکانی چەرخی ڕابردو دا شاعیرێک لە نێو کوردان دا هەڵکەوت کە ناوبانگی لە چوار چێوەی هۆز و خێڵ و رێدی خۆی زۆر وێوەتر رۆیی ، نالی مەلایەکی خەڵکی سلێمانی یە کە ئەمرۆ شێعرەکانی

---

① ایران امروز ل - ۱۱۸ و ۱۱۹

١٥٠ بەیتیی جەلالەددینی سیوطیٖ بو ڕەسـوڵ ناویٚك لە سالی ١٢٣٢دا لـە مەدرەسەی مەولانا ئەحمەدی کوڕی مەولانا سلیمانیدا نوسیبویەوە •

هەروەها لە لاپـالی کومەلە دەستوسیٚکی تری پیٚـکەوە جوزوبەند کراوی هەر ئەم کتیبخانەیەدا(١٦) شیعریٚکی‌ترم دیٖ درابوە پاڵ نالیٖ (١٧) • کتیبەکانی ئەم کومەلە لە سالانی ١٢٧١ و ١٢٧٢دا نوسرابونەوە •

هەرچوٚن بیٖ دیارە سالانی ١٢٣٢ و ١٢٦٩ و ١٢٧١ و ١٢٧٢ کە سالی نوسینەوەی ئـەو کتیبانەن جوٚرە ڕوٚشنایییەك ئەخەنە سـەر سالانی ژیانی نالیٖ •

نابیٖ ئـەوەش لەیادکەین کە وەك ئەلیٚن نالیٖ لای شـیٚخی خەرپانیٖ خوێندویە • لـە باوکمم بیست فەرموی لە شیٚخ بابەڕەسـولی عەبابەیلیٖ ( ١٨٧٨ ــ ١٩٤٣)م بیستوە نـالیٖ لەگەڵ موفتیی زەهاویٖ و مەلا یاسینی تەشاریٖ و مەلا یوسفی تەویٚلەییٖ موستەعید ( قوتابیی دوا پلە ) بوون لای شیٚخ ئەولای خەرپانیٖ • گومانیش لەوەدا نیە کە شیٚخ ئەولا سالی (١٣٥٤)ی کوچیٖ وەفاتی کردوە (١٨) •

ز ــ بـەلام وابزانم لـە هەموو ئەم بەلـگانە گرنگتر ئـەوەبیٖ کە ڕوٚژهەلاتناس خوٚدزکو کە شابەندەری ڕوسیا بوە لە پاریس ئەیگێڕیٚتەوە کەوا لە سـالی ١٨٥٣دا لە پاریس چاوی بە ئەحمـەد خان ناویٚکی بابان

---

(١٦) هەردو کومەلە دەستوسەکەم لای بەڕیٚز شیٚخ عەلیی شیٚخ موحەممەدی قەرەداغیٖ دی •

(١٧) شیعرەکە ئەمـەیە کە لەبەر ڕاسـت نەبونەوەی مەعنـاکەی بوٚم ، بە شیٚوە نوسینی فارسیٖ ، وانە وەك خوٚی ، ئەینوسمەوە :

**بدور دایری فنجان چینی**

**شکاندی دائری فنجان چینی**

(١٨) محمد علی القرەداغی ، الشیخ عبدالله الخرپانی من خـلال مخطوطات مکتبە ، گوٚڤـاری کوڕی زانیاری کورد ، بـەرگی ( ٢ ) ژمارە ( ٢ ) ، بەغدا ، ١٩٧٤ •

دەبا پێکەوە چاوێ بە غەزەلەکەدا بخشێنین و بزانین ئاخۆ بۆ شیعری پاش مردنی خۆشەویست ئەشێ ، یا هەر مەبەست جیا بونەوە و دورکەوتنەوەی بێ مردنە ؟

١ ــ نالی لە سەرەتای غەزەلەکەدا ئەلێ :

**نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ**
**نەچم شەرط بێ هەتا ئەو خوارە بێ تۆ**

با مەعنای ( شەرط و جەزا )ی ڕستەی « ئەگەر نەمردم بێ تۆ ، شەرط بێ نەچم بێ تۆ » لێبدەینەوە . نالی ئەلێ : تازە ئەمجارە تێکەوتم ، تۆش بۆم ، بێ تۆ چۆم بۆ ئەو خوارە . ئەگەر خوا کردی و لە مەرگ ڕزگار بۆم ، شەرط بێ جارێکیتر بێ تۆ نەچم . ئەمە لەگەڵ مردودا ئەوترێ یا لەگەڵ زیندودا ؟ ! ئەی ئەگەر ( نالی ) نەمرد ، هەر وەك نەمرد ، یاری لە گۆڕ دەرئەهێنێ و لەگەڵ خۆیا ئەیبا ؟!

٢ ــ لە بەیتێکیتری ئەم غەزەلەدا ئەلێ :

**لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من**
**لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ !**

ئەم گلەیی و بناشتە لەگەڵ مردودا ئەکرێ یا لەگەڵ زیندودا ؟ تۆ بڵێی نالی مەبەستی ئەوە بێ بڵێ : تەنانەت لە گۆڕیشدا ، بێ من دڕك و داڵت لە لا گوڵزارە ؟ باوەڕ ناکەم !

٣ ــ ئەمە لەلایەك . لە لایەکیتریشەوە ئەم غەزەلەی کە مامۆستا سەججادی کردویە بە بەڵگەی بۆچونەکەی خۆی ، وەك ئەو واتایە هەڵئەگرێ ، ئەوەش هەڵئەگرێ کە دەربڕینی ئازاری جیابیەکیتر بێ ، بەتایبەتی تێکڕای شیعرەکان جیابونەوەی دورێ ئەگەیەنن ، نەك مردن :

**هەمو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ**
**تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ**

ئەتوسێ بۆ سولەیمانێ ... » (٢٩) تاد .

با هەندێ شتی زۆر ئاشکرا و هەمو لا یێ ڕازێ بخەینە ڕۆ :

١ ـ ئەو تەئریخەی کە مامۆستا سەججادێ دایناوە ئەکاتە (١٢٥٠)ی کۆچێ .

٢ ـ نالێ لە شامەوە قەصیدەکەی بۆ ( سالم ) ناردوە و سالم لە سولەیمانێ بوە . گوێ لە بەیتێکی وەلامەکەی سالم بگرە کە ئەڵێ :

**بۆ مولکی شامە نامەیی من سوێی ( نالی ) یە**
**هەر حەرفی ئەو لە وەضعی ویلایەت دەدا خەبەر**

٣ ـ لە شیعرەکانی سالمەوە دەرئەکەوێ کەوا وەلامەکەی لەکاتێکدا داوەتەوە دەستەلاتی بابانەکان بە یێجگارێ لەناوچوە و عوسمانییەکان ڕاستەوخۆ سولەیمانییان بەڕێوەبردوە . سالم ئەڵێ :

**لەو سایەوە (٣٠) کە حاکمی بابان بەدەرکران**
**نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر**

٤ ـ لە سەردەمی سلێمان پاشا و مەحمود پاشای برایدا ، ئەگەرچی شەڕی نێوان ئەم دوو برایە درێژەی کێشا و جارێك مەحمود پاشا بە یارمەتیی حوکومەتی قاجاریی ئێران و ، جارێك سلێمان پاشا بە یارمەتیی سوپای عوسمانێ ئەوی تریان دەرئەپەڕاند ، بەلام تێکڕا بابان حاکم بون و سولەیمانێ بە دەستی خۆیانەوە بو و نە سوپای عوسمانێ و نە چریکی قاجارێ نەڕژابونە ناو شار .

---

(٢٩) علاءالدین سجادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ١٩٧١ ، ل ٢٤٣ ، ( چاپی دووەم ) .

(٣٠) ئەمە بەپێی نوسخەکەی مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانییە ، ئەگینا لە نوسخەکانیتردا کە ئەم وەلامەیان تیایە ، نوسراوە : لەو سالەوە ...

ئەگەر باس باسی مردن بوایە ئەیتوانی بڵێ :

**هەمو ڕۆژێ لە داخی مەرگی ئەمساڵ**
**تەمەننای مردنی پێراره بێ تۆ**

٤ ــ ئەگەر نەختێ بە وردێ و لە ڕێبازی چەشی نالییــەوە سەیری بەیتەکە و بەرامبەریی ( هیجران ) و ( مردن ) بکەین بۆمــان دەرئەکەوێ مەبەستی ( نالی ) لە « هیجــران » هیجرانی مردن نیە و نایــەوێ مەرگی حەبیبە و مــەرگی خۆی بخــاتە دۆ تای تــرازۆ ، بەڵکــو ئەیــەوێ لێ دۆرکەوتنەوەی حەبیبە بخاتە تایەك و مەرگی خۆی لەو تاکەی تریدا دانێ .

٥ ــ دۆریش نیە نالی ئــەم غەزەلەی هەر بۆ ( حەبیبە ) نــەوتبێ و بەبۆنەی دۆرکەوتنەوەی دۆستێکیتریەوە وتبێتی •

دوا سەرنجم لەم بابەتەوە ئەوەیە بۆچی هیچ لاواندنەوە ( مرثیة )یەك لە شیعری نالیدا دەربارەی حەبیبە بەرچاو ناکەوێ ؟ بێوەچەیێ و کەس لە دوانەمانی نالیش ئەوەندەی تر گرێکــەی کوێر کردوەتــەوە ! کــێ بێ ئەوەندە ئازا بێ بڵێ هەر لە بنەڕەتا ( حەبیبە )ی نەخواستوە ؟!

## نامە شیعرییەکەی بۆ سالم

با جارێ لە بابەتی مێژۆ دۆر نەکەومەوە و چەند سەرنجێك سەبارەت بەو ساڵەش بخەمەڕۆ کــە مامۆستا سەججادێ بۆ نامەکــەی نالیی دیاریێ کردوە ، ئەو نامەی کە بۆ عەبدوڕڕەحمان بەگی سالمی ناردوە .

مامۆستا لەمبابەتەوە ئەفەرموێ :

« ••• لە ١٨٣٠ی ز دا ئەچێ ( واتە نالی ) بۆ حــەج و سولەیمانێ بەجێدێڵێ ، حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ ( شام ) چەند ســاڵێك لەوناوەدا ڕایبواردوە ، هــەوای مەڵبەندی ئەکەوێــتە سەر ، لــە ١٨٣٤دا کاغــەزە بەناوبانگەکەی کە سەرەتاکەی ئەڵێ :

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر**
**ئەی پەیکی شارەزا بە هەمۆ شاری شارەزۆر**

( بەرزنجی )دا بنیادەم بە ئاسانی نیسبەت ئەلا دراوەکە ئەدۆزێتەوە ، کەچی لە ( نالی )دا وا نیە • سەرەڕای ئەوەش ئەگەر مەلا خدر نیسبەتی خۆی ئەلای ( نالە )ی کوردی بدایــە ، ئەبێ نیسبەتەکەی بە شـێوەی کوردی بدایە و خۆی ناو بنایە ( نالەیی ) •

دووەمیش نیە بە هەر دو بارەکەیەوە ، چونـکە هەمو شاعیرەکان چ کوردیان و چ فارسیان ، بەش‌بەحالی بیستنی ئێمـە ، یەکێکیان تیا نەبوە فیعلی ماضی یا موضاریع یا ئەمر هیی غائیب یـا حاضری کردبێتە نازناوی خۆی • نازناوی شاعیرە کورد و فارسەکان یا ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بوە یا نیسـبەت دراوەتە پاڵ ئیـسـمی ( مەصدەر ) یـا ناوی شـتێکی‌تر ، یا صیفەتێکیان پەسەند کردوە وەك : ( مەحوی ) نیسبەتە ئەلای ( مەحو ) ، ( خاکی ) نیسبەتە ئەلای ( خاك ) ، ( فەیضی ) نیسبەتە ئەلای ( فەیض ) ، ( فەوزی ) نیسبەتە ئەلای ( فەوز ) ، ( کوردی ) نیسبـەتە ئەلای کورد ، ( ناری ) نیسبەتە ئەلای ( نار ) ، ( هەردی ) نیسبەتە ئەلای ( هەرد ) ، یا وەك ( سالم ) و ( بێخود ) و ( صائیب ) و ( حەریق ) و ( حافظ ) و ( بێدل ) و ( کەلیم ) ••

ئەمە لە لایەك • لـە لایەکی‌ترەوە ( نازناو ) تێکـڕا لە ڕستەدا ، بێ گوێ‌دانە ئەوە کە نازناوە ، جێگای ئەبێتەوە و مەعنای تـەواو بەدەستەوە ئەدا • دەبا بۆ نمونە ئەم بەیتە بخوێنینەوە بزانـین ( نالی ) یا ( نالی )ی فیعل چ مەعنایەك ئەدەن ؟

وەرە سەیری خیابان و بەیاضی دەفتەری ( نالی )
کە صەف صەف مەصرەعی بەرجەستە ڕێزی سەروی مەوزوونە

یا ئەم بەیتە :

لەومەیی ( نالی )یی دیوانە مەکەن ئەی عوقەلا
موددەیێکە کە زەدەی لەطمەیی دەستی پەرییە

یا ئەم بەیتە :

**( نالی ) ئاسوودە نیە طوڵی نەمامی عومرت**
**بە نەفەس دێت و دەچێت ، ئەصلی لەسەر بایێکە**

( ناڵێ ) ئەڵێی یا ( ناڵێ ) ئەگەر ئەتوانی بێجگە ( نازناو )یەتێ جێگای بکەرەوە و مەعنای بگونجێنە ! نەك ئەم سێ بەیتە ، بەڵکو ئەگەر هەمو دوا بەیتەکان سەیر بکەی وشەی ( نالی )ی فیعل بێجگە ( نازناو )ییەکەی لە ڕستەکاندا جێگای نابێتەوە . بەڵام ئەگەر ( ناڵێ )ی مەنسوب بێ ، وەك لەمەوپاش باسی ئەکەین ، چ نازناو بێ و چ بە مانا بنەڕەتییەکەی بێ لە ڕستەکاندا جێگای ئەبێتەوە .

کە لە (ناڵێ) و (ناڵێ) بڕینەوە ، ئەوە مایەوە کە بڵێین (ناڵێ) بێ بە لامی بچوك و ئیسمی مەنسوب بێ ، واتە : مەلا خدر خۆی داوەتە پاڵ ( ناڵ )ی بە مەعنا قەڵەم یا ( ناڵ )ی بە مەعنا شمشاڵ ، یا ( ناڵ )ی بە مەعنا تاڵە باریکەکانی ناو قەڵەمی نەیجە ، یا ( ناڵ )ی بە مەعنا باڵندە دەنگ خۆشەکە یا ( ناڵ )ی بە مەعنا ناڵین ، یا ( ناڵە )ی فارسێ کە ئەویش هەر بە مەعنا ناڵینە . بەڵام لەم حاڵەدا ئەبێ دانە پاڵەکە لەسەر ڕێ و شوێنی دانە پاڵی عەرەبێ بێ .

من لام وایە نازناوی مەلا خدر ( نالی )یە بەلامی سوك و ئەم وشەیە ، وەك وتم ، نیسبەتە ئەلای ( ناڵ )ی فارسێ و ئەم ( ناڵ )ەش بە مەعنا قەڵەم و تاڵی ناو قەڵەم و شمشاڵ و باڵندەی خۆش ئاواز و بە مەعنا ( ناڵە )ش ئەگونجێ .

سەیری ئەم بەیتەی بکە :

**ظاهیر و باطین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز**
**ئاشنای سیڕڕی قەڵەم بێ غەیری ( ناڵێ ) کەس** نەما

واتە : ناڵێ ئاشنای پەنامەکییەکانی قەڵەمە چونکە تاڵی ناو قەڵەمەکەیە و لەو تاڵە نزیکتر لە قەڵەمەوە نیە .

بەڵام لەم بەیتەدا :

**لە سایەی قەددی مەوزوون و دوو زوڵفی**
**لە نالی و شیعر و تەسویدی نەما** باس

( نال )ی بە مەعنا قەڵەم و ( نالی ) بە مەعنا ( قەڵەمی ) زۆر گونجاون و لەگەڵ شیعر و تەسویدیشدا گونجاوترن •

یا سەیری ئەم دو بەیتە بکە :

**لەگەڵ مورغی چەمەن ( نالی ) دەناڵێ**
**کە یانێ : عاشق و هەمفەرد و فەردین**

**ڕوخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ئەمما**
**لە هەمو چەمەن دیارە بە نوصوڵی نالە ( نالی )**

لەم دوو بەیتەدا ( نالی )ی مەنسوب ئەلای ( نال )ی بە مەعنا باڵندە دەنگخۆشەکە زۆر لەبارە •

لەم بەیتەشدا کە ئەڵێ :

**( نالی ) و مەئەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا**
**وەك نالە لە نەیدا ، وەکو نالە لە قەڵەمدا**

نیوەی دوەم دوور نیە هێما بێ بۆئەوەی ( نالی ) مەنسوب بێ ئەلای ( نال ) چ بە مەعنا قەڵەم و چ بە مەعنا شمشاڵ ، ئیتر بە (وەك نالە لە نەیدا)ی بخوێنینەوە یا بە ( وەك ناڵە لە نەیدا ) •

لە گەلێ شوێنیشدا ( نالی ) بۆ نیسبەت ئەلای ( نال ) ی فارسیی بە مەعنا نالە لەبارە • بۆ نمونە :

**بۆ زوڵف و ڕوخ و ئەبرووی چون زوڵفی سیاتان**
**عالەم وەکو ( نالی ) هەمو با نالە و ئاهن**

ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە هەڵگرتنی وشەی ( نالێ )ی مەنسوب بۆ چەند جۆرە مەعنا و بنەڕەت و یاریێ کردنی شاعیری هەڵکەوتومان بە وشە و ڕستە شتێکی سەیر نیە • نالێ خۆی ئەڵێ :

**نەظمی ( نالێ ) میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نیە**
**دوو ڕوە بۆ سەیری خاطر : یەك خەفیێ و یەك ئاشکار**

با بگەڕێینەوە سەر ڕاستە بابەتەکە : بۆچێ ( نالێ )م بە لامی سوك پەسەند کرد ؟ وەرە لەگەڵما سەرنجێك لەم شتانەی خوارەوە بدە :

١ ــ مامۆستا مەلا خدری نالێ زۆر کۆن نیە و لە ناوچە و شاری سولەیمانییەوە دوور نەبوە و لە شاعیران و ئەدەب چێژانەوە دوورە پەرێز نەبوە و شیعر دۆستەکانی سولەیمانێ ناسیویانە و تا ئیستە لە مامۆستا شیعر دۆستە دیارییەکانی ئەم ناوچەیە ــ ئەوانەی کە زۆر نیە کۆچی دواییان کردوە ــ وشەی ( نالێ ) بە لامی قەڵەو نەبیسراوە ، وەك خوالێخۆشبوان مامۆستا شێخ بابا ڕەسوڵی عەبابەیلێ و مامۆستا شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد برندە و مامۆستا شێخ نوریی شێخ باباعەلیی تەکیەیێ و مامۆستا مەلا عارفی چنگنیانێ و مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانێ و بێخود و پیرەمێرد • هەمو ئەمانە ( نالی )یان لێ بیسراوە نەك ( نالێ ) •

بۆ نمونە : مامۆستای چنگنیانێ لە سەرەتای دیوانە دەستنوسەکەیدا نوسیویەتی :

« بسم الله الرحمن الرحيم ديوانى نالى عليه رحمة الله المتعالى »

تو بڵێی هەر تەنها بۆ پیتی ( ی ) وشەی « متعالى »ی بەکار هێنابێ و وشەیەکی تری دەست نەکەوتبێ کە ئاخرەکەی ( ی ) بێ ؟! یا تو بڵێی مامۆستای چنگنیانێ ( متعالی )ی خوێندبێتەوە تا ببێتە : ( دیوانی نالی علیه رحمة الله المتعالی ) !

کەواتە ئەگەر لەبەر ( هاو سەجعێ )ی نالێ و متعالێ نەبێ ، ئەبێ بۆ چێ بێ ؟

لە ڕاستیدا من نەك هەر گوێ نادەمە ئەوەی کە لەم دواییەدا هەندێ شەقام یا کۆگا لە سولەیمانیێ بە ناوی ( نالی )یەوە ناوزاوە بە لامی قەڵەو ، بەڵکو ڕەخنەشی لێ ئەگرم ؛ چونکە بێ لێکۆڵینەوەی بنج و بناوانی ناوی شاعیرێکی هەڵکەوتوی وەك مەلا خدر ڕەوا نیە بە تەنها ئیجتیهاد و بێ ساغ بونەوەی تەواو ناوێکی تایبەتیی بەسەرا بسەپێنرێ !

٢ ــ نالی بە فارسییش شیعری وتــوە • زیرەکێکی وەك ئــەو ئەوەی لە بیر نەچوە وشەیەك بکاتە نازناوی خۆی کە لە زمانی فارسێ و تورکییشدا بەکارهێنرابێ • گوێ بگرە لەم بەیتە فارسییەی :

**( نالیا ) از چه سگانش همه شب نالانند**
**که نه آن شیفتگان نیز جگر خوارانند**

فارس ( نالی ) ئەڵێن نەك ( نالێ ) •
با سەیری ئەم بەیتە تورکییەش بکەین :

**ناودان قلم ( نالی ) فصاحتده همان**
**نشئه آب بقا ، زمزمهء کوثری وار** •

٣ ــ با نەختێ لە ( قافیــە ) و ( ڕەوی )ی بەیتەکانیش ورد ببینەوە بزانین ( نالێ )یە یا ( نالی ) ؟

أ ــ نالی لە موستەزادەکەیا ئەڵێ :

**لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە ( نالێ )**
**فیردەوسە مەنالی**
**حاشا کە لەمێدا ببمە سائیلی مەحرۆم**
**هەرچەند لە عوصاتم**

ب ــ لە پیتی ( ی )دا تەماشای ئەم غەزەلــەی بکــە و سەرنجێك لە ( قافیە ) و ( ڕەوی )ی بەیتەکان بدە تا ڕاستیی بۆچونەکەمت بۆ دەرکەوێ :

برق البصر لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالێ
( خسف القمر ) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی

نیە دیدەیی چ مەردوم ، نیە مەردومی چ دیدە
لە فرۆغی خەددی فاریغ ، لە خەیالی خالی خالێ

سەری هەردو کوڵمی داخۆ گوڵی نەوبەهارە ، یا خۆ
طەرەفی نەهارە ، زوڵفی ( زلف من اللیالي ) ؟!

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەك یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخالی

نەکە للوم
بە مەلاحەتی هەمو زەمزەم و مەلیحێ
بە فەصاحەتی تەبەسسوم هەمو کەوثەر و زولالێ

نەظەرم پڕە لە نوری شەو و ڕۆژی طەلعەتی تۆ
کە بە ڕۆ شوعاعی شەمسی ، بە برۆ خەمی هیلالی

ڕوخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ، ئەمما
لە هەمو چەمەن دیارە بە نوصوڵی نالە ( نالێ )

ورد بەرەوە لــە وشەکانی ( لەئالێ ) و ( جەمــالی ) و ( لەیالێ ) و ( زولالێ ) و ( هیلالی ) هەمۆیان بە لامی بچۆکن ، تەنها ( جەمال ) بــە زاراوەی ئەردەڵان و کەرکوك بە ( جەماڵ )یش ئەخوێنرێتەوە • وشەی ( خالێ ) و ( زوخالی )ش بە ( خاڵێ ) و ( زوخاڵی )ش ئەتوانین بخوێنینەوە • جا کامیان بەرین بۆلای ئەویان ؟ زۆر بخەینە دوای کەم ، یــا کەم بخەینە دوای زۆر بێ ئەوەی مەعنا و لەفظ تێك بچێ ؟!

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ( نالێ ) یەکمانیی حەرفی پێش دوایێ لە هەمو دیوانەکەیدا ڕاگرتوە •

ج ــ چاوێکیش بەم شیعرەدا بگێڕە :

**هەرکەسێ تەحدیثی نیعمەت بێ ، موراد و مەطلەبی**
**میثلی ( نالێ ) ئیمتیثالی ئەمری یەزدانێ دەکات**

کامیان لەسەر زمان و بۆ چەشی مۆسیقایێ ڕەواتر و ڕەساترە : سێ لامی بچوك بەدوای یەکا بێن ، یا بەم جۆرە :

**میثلی ( نالێ ) ئیمتیثالی ئەمری یەزدانێ دەکا**

شاعیری مەزنی نەتەوەی کورد حاجی قادری کۆیێ ئەفەرموێ :

**بەجێما ( نالێ ) وەك ( نالی ) ، دواکەوت ( کوردێ ) وەك گەردی**
**کە ( حاجێ ) غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەنڕانێ**

جارێ بۆئـەوەی ( مەرجەع )ی ( ضەمیر )ەکان بخەینـەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان ئەبێ شیعرەکە بەمجۆرە لێ بکەین :

**کە ( حاجێ ) غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەنڕانێ**
**بەجێما ( نالێ ) وەك نالی ، دواکەوت ( کوردێ ) وەك گەردی**

من لاموایە حاجی قادریش لەم شیعرەدا وشەئارایێ کردوە : لایەك ( نالێ )ی بە لامی سـوك لەگەڵ ( نال )ی ئەسپەکەیدا بـە لامی قەڵەو ، لایەکیتریش ( کوردێ )ی بە کافی عەرەبێ لەگەڵ ( گەرد )ی ژێـر پێی ئەسپەکەیدا بە گافی کوردێ بەرابەر کردوە .

٤ ــ با یـەك دۆ ئاوڕێتریش لەلایـەنی واتا و هێمای هەنـدێ لە شیعرەکانی ( نالێ ) بدەینەوە کە بۆ مەبەستەکەمان بێسود نیە :

**ا ــ ( نالێ ) و مەئەلی حالی لە ئەشکەنجەیی غەمدا**
**وەك نالە لە نەیدا ، وەکو ( نال )ە لە قەڵەمەدا**

واتە : نالێ و دۆخی ژیانی لەتێو جەڕ و مەنگەنەی غەم و پەژارەدا وەك نالەی شمشالە . جەلالوددینی ڕۆمێ لە مەثنەویدا ئەفەرموێ :

**بشنو از نی چون حکایت میکند**
**وز جدائیها شکایت میکند**

هەروەها وەکو تالی باریکی بێو قەڵەمی نەیجەیە کە بەشی هەر دادان و بڕانە تا دوایی دێ و کەس پێی نازانێ !

ئەگەر ئەمە هێنا نەبێ بـۆ بناغەی نازناوی نالی ، ئەبێ چێ بێ ؟ من لام‌وایە هێنایە بۆ هەردوو ماناکەی ( نال ) کە خۆی داوەتە پالی .

ب ـ من سەروی ڕەوانی چەمەنی عالەمی بالام
( نالی ) بە طوفەیلی بوەتە سایە لە دوای من

مەعنا ئاشکراکەی ئەوەتە کە : یار ئەڵێ من سەروی ڕێك و ڕاستی باغچەی جیهانی بەرزی جوانیم ، نالی بە خۆڕایی و بە بێ ڕوو و ڕایی بوەتە سێبەرم و لێم جیا نابێتەوە ، ئەگینا من خۆراکی ئەو نیم !

بەڵام لەنـاو هەموو شتێکدا بـۆ تەنها سەروی لەگـەڵ ( نالی )دا بەراورد کردوە ؟ لام‌وایە لەم دوا بەیتەدا ( نالی ) خۆی بە زوبانی خۆیەوە قسە ئەکا و بناغەی نازناوەکەیمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە و ئەڵێ : من سەروی بالا بەرزی دەس پێ نەگەیشتوی جیهانی ئازادی گیانم ، دانە پاڵ ( نال ) ، واتە نازناوی ( نالی ) ، لەخۆیەوە بوەتە سـێبەرم و بوەتە ناوم و لێم جیا نابێتەوە . فەرقی بەینی سەرو و نال ( شمشاڵ ، یا قەڵەم )یش فەرقی بەینی ئاسمان و ڕێسمانە !! بەرزیی وەك سەروی من لەکوێ و شمشاڵ و قەڵەم لەکوێ ؟!

ج ـ تا چاکی نەکەی پڕ لە هەوا سینەیی ( نالی )
وەك زەنگەڵە ئاوازەیی دەنگی دڵی نایێ

واتە : تا سینەی نالی پـڕ نەکەی لە هەوای عەشق و دڵداری ، وەك زەنگ ئـاوازەی سازگار و حەزین لە ناخی دڵیەوە دەرنـاچێ . هێنایشە بۆئەوەی شمشاڵ تا فووی پیا نەکرێ و پڕ لە هەوا نەکـرێ ئاوازەی لێوە نایەت .

لەگەڵ ئەم‌هەموو سەر و خوار و ئەم‌دیو و ئەودیو کردنەشدا من لام‌وایە ئەم جۆرە کار و بارە ئەدەبییانە بە شێوەی ئێجگاری و بڕاوە و بێ‌گومانی

( حاضر ) و ( ئەمر ) و ( خیطاب ) و ( مەنهی ) و ( ڕاجیع ) و ( ضەمیر ) و ( غائیب ) لە زاراوەکانی علمی نەحون و لە ئوصوڵی فیقهیشدا بەکاردێن •

**دەری ڕەحمەت کەوا بەحری موحیطی عاصییە ( نالی )**
**تیا جان و تەن ئوفتادەی شەپۆلی سەیلی عیصیانە**

( بەحر ) و ( موحیط ) لە زاراوەکانی جیۆگرافیان •

ئەم نموونانە کە پیشانم دان لەچاو ئەوانی‌تردا قەترە بە دەریان و دیوانەکەی نالی پڕیەتی لەم جۆرە دوڕڕانە !

# نالی و مەبەستی شیعری

ئەو مەبەستانەی کە لە شیعری ( نالی )دا ڕچاو کراون ، ئەمانەن :

١ ــ دلداری کە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لەم جۆرەیە •

٢ ــ وەصف ، بەتایبەتی وەصفی بەهار و دیمەنی سروشت و وەصفی حوجرە شەق و شڕەکەی و لی‌هاتوی و بوردەباریی ( کەر )ەکەی !

٣ ــ نزا و پاڕانەوە لە خوا •

٤ ــ بیری ولات کردنەوە : ( لە قەصیدەکەیدا کە بۆ سالمی ناردوە ، لەگەڵ غەزەلی « دەروونی لدارالشارەزۆر و بەردە » ) •

٥ ــ لاواندنەوە و پیاهەڵدانی پاش مردن : ( غەزەلەکەی لەمەڕ وەفاتی سلێمان پاشای بابان ، لەگەڵ قەصیدەکەی کە وەك ئەڵێن بەبۆنەی مردنی باوکی « حەبیبە »ەوە وتویەتی ) •

٦ ــ مەدح و پیاهەڵدان : ( مەدحی تورتی ڕۆدباریی برادەری کە ئەچێتە حەج ، مەدحی سوپای بابان ، مەدحی ولات ، مەدحی پێغەمبەر ، مەدحی مەککە ومەدینە ) •

نالی لە قوڵیی مەعنا و جوانیی وەصف و بەرزیی پێچواندن و دەربڕین و ئاشکرا کردنی دەردی دڵدا شیعری کوردیی بەڕادەیەك بەرز کردوەتەوە بێ پێ لێهەڵبڕین گەیشتوەتە ڕادەی ئەدەب و شیعری ئەو سەردەمەی نەتەوە دراوسێکان : عەرەب و فارس و تورك .

لە وەصفی بەهاردا ئەڵێ :

**گەرمێ و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە**
**پشکۆی گوڵ ئاتەشین بە نەسیم بۆ ، گەشایەوە**

**لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبێ**
**ناوی ، کە پڕ خەڵوزە ، بە شەبنم گەشایەوە**

**فەصلێکە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر**
**وشکێ بە غەیری صۆفییو عاصای نەمایەوە !**

لە وەصفی ڕێگای دەشتی کاکی بەکاکیی حەجی ئەوسادا ئەڵێ :

**مەڵێ : دەشتە . بڵێ : دنیا هەمۆ خانێکە ، ئەم حەوشە**
**چ حەوشێکە کە ئافاقی حەصار ، ئەفلاکی سەربانە**

**عوێونی گەرم و سوێراوی میثالی چاوی گریانە**
**ڕوعۆنی شاخی سوتاوی شەبیهی جەرگی بوریانە**

**سماقی ئەحمەرە ، یا قوتی ڕۆح و ئاوری نەفسە**
**حەصاتی ئەبیەضە ، یا شوهبی نەجمی ڕەجمی شەیتانە**

لە وەصفی حوجرە شەق و شڕەکەیدا ئەڵێ :

**ڕۆژی بەفر و با وەکاشە ، ڕۆژی باران قوففەیە**
**صاحیبی لازم کە بیبێ سەوڵ و کاسێکی شکاو !**

**کاسە بۆیە لازمە تا ئاردەلۆکی دەر بدا**
**سەوڵ بۆیە لازمە نەڵا جۆگەلە بیبا بە تاو !**

تا ئەڵێ :

**حوجرەکە ئاوس بو ، وەعدەی خۆی بەهارێ بۆ بزێ**
**وەضعی حەملی کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو !**

لە وەصفی کەرەکەیدا ئەڵێ :

**مل عەلەم ، شیرین قەلەم ، ئاهو شکەم ، مەیموون قەدەم**
**سم خڕ و کلك ئێستر و مەنزڵ بڕ و عارەق نەڕێژ**

**صائیموددەهری بە ڕۆژ ، ئەمما بە ڕۆژۆی بێنییەت**
**قائیمولله‌یلی سلۆك ، ئەمما سلۆکی بێ نوێژ !**

با سەیرێکی ئەم دەردە دلی دلداریيەش بکەین :

**بۆچی نەگریم صەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی**
**بۆ مەی نەڕژێ شوشە لە صەد لاوە شکاوە**

**هەر جۆگە و جۆبارێ کەوا سوور و سوێر بێ**
**جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە**

**هەرچەندە کە ڕۆتم ، بە خودا مائیلی ڕۆتم**
**بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە !**

یا ئەم وەصفی زوڵفە :

**ئەو سیلسیلە وا موشکی خەتا ئێوی براوە**
**بڕ پێچ و شکەن خەم بە خەم و حەڵقە کراوە !**

**لەولاوێکە لەولاوە بە ئەملاوە کشاوە**
**یا یاسەمەنی خاوە بە ڕۆی ڕۆژدا ڕواوە !**

**یا دۆکەڵی جەستەی منە بەو شەممە سوتاوە !**
**یا هەوری سییەھ تاوە کە مانیع لە هەتاوە !**

ئەم زولف و خەت و خاڵ و چاو و قەد و باڵایە ڕێگای هەستی ولاّت ویستنی لێ ئەگرتوە و لـە قەصیدە بەناوبانگەکەیدا بۆ سـالم بەڕادەیەك زوخاوی دۆڕێ هەڵئەڕژێ ، لەوانەیە ئەو کەسەش کە ئەمڕۆ ئەیخوێنێتەوە پڕ بە دڵ ماتەمی دایگرێ و لە ئاخی خەمدا نوقوم بێ :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەی لوطفەکەت خەفی بو هەواخواە و هەمدەمە
وەی سروەکەت بەشارەتی سەرگۆشەیی حوضوور

ئەی هەم مەزاجی ئەشکی تەڕ و گەرمی عاشقان
طۆفانی دیدەوو شەرەری قەلبی وەك تەنوور

تا ئەڵێ :

وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کوی یار
وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی شیوەسوور

لە دواییدا ئەڵێ :

زارم وەکو خیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطوور !

لەم شەرحی دەردی غوربەتە ، لەم سوزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عوبوور !

لە شینەکەیدا کە ئەڵێن بەبۆنـەی مردنی باوکی حەبیبەوە وتویەتی ، ئەڵێ :

ماتەم وەکو زولفەینی سییەهـ گرتی سەراپات
پۆشێ لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات

دیدەت وەکو گوڵ سوورە پڕی شەونمی ئەشکە
یا لالەیی پڕ ژالەیە دوو نێرگسی شەهلات !

بۆ گریەیی تۆ زەنگە منیش هێندە بگریێم
گەوهەر بڕژێنێن بە بولندیی قەد و باڵات

لاکین ئەمە دنیایە گەهێ سوورە گەهێ شین
« لا یسال من عاش و من مات و من فات »

کە دێتە مەیدانی نزا و لـە بارەگای یەزدان پاڕانەوەش بەتـەواوێ ئەچێتە جیهانی گیانییەوە و بەرامبەر بـە پەروەردگار و پێغەمبەری خوا ئەوپەڕی مل کەچێ ئەنوێنێ . سەیری کە چۆن لـە بارەگای پێغەمبەودا ئەپاڕێتەوە :

بە قوربانی عولوومی ئەووەلین و ئاخیرینت بم
لەگەڵ ئەسراری قورئانت کەوا ئەلطافی سوبحانە

مورادم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە ئەوەڵ نەعتە
بە چەن بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ئەناخوانە

ئەگەرچی کوردی دووری شارەزووری فەسوەتم ، ئەمما
وەسیلەم طەیبەوو حیلمی شەفیع و فەضلی مەننانە

بەسەر هاتوومە ئەو خاکە کە هەر میثقالە ذەڕڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە

وەك دەرئەکەوێ مەدحەکانی نالی سنوورێکی تایبەتیان هەیە و زیا و زوبانلووسێ و خۆ بۆپێشەوە بردنیان تیدا بـەدێ ناکرێ . ( زەثا )یەکی سادە بۆ فەرمانڕەوایەکی کوردی شایانی وەك سلێمان پاشا و پیرۆزبایێ لە جێنشینێکی زیرەك و هەڵکەوتوی وەك ئەحمەد پاشای گوڕی و وەسفێکی سوپای بابانەکان کە پارێزگاری سنوور بوون ، یا نامەیەکی خۆشەویستانە بۆ مەلایەکی خاوێن و خانەدان و دڵ و دەروون فراوانی زێڕ لە هاوڕێ گرتوی بۆ سەفەری هـات و نەهاتی حەج زۆیشتوی وەك نـوریێ ڕۆدباریێ ، یا مەدح و پیا وتنی مەقامی پێغەمبەر ( د . خ ) و پاڕانەوە لە قاپیی ڕەحمەتی خوایێ ، ئەو مەدحانە نین کە بکرێنە هۆی پلار تێ گرتنی !

ئەوەندە داوێن پاکێ و جوانیی داوەتێ مەگەر هەر ( نالی ) خۆی لە خەودا دیبێتی !

. . .

لێرەدا بابەتێك خۆی دێنێتە پێشەوە بۆ ئەوە ناشێ بەسەریا تێپەڕین و لایەکی لێ نەکەینەوە •

گیوی موکریانێ لەو سەرەتایەدا کە بۆ ( دیوانی نالی )ی نوسیوە لە چەند لایەکەوە و بە چەند جۆرێك ( نالی )ی بەر پلار داوە • بۆ نمونە ئەڵێ :

« نالی هاوتای ئەحمەدی خانێ و شێخ ئەحمەدی جزیری و مەولەوێ و کەیفێ و فیردەوسێ و سەعدیە • فیردەوسێ لەپێش ( ١٠٥٠ ) ساڵاندا مێژو و زمانی فارسیی زیندو کردوەتەوە و لە تەواوی شانامەکەیدا تەنها دو وشەی ئارەوێ ( عەرەبێ )ی تێ کەوتوە • داخوا نالی چیی بۆ کورد و کوردستان کردوە ؟ داخەکەم هیچ ؟! » (٣٧) •

هەروەها ئەڵێ :

« ••• بەڵێ ئەوە حاشار نادرێ کە نالی پارچە هەڵبەستێکی بە ناوی شیوەن و مێژوی کۆچی دوایێ سلێمان پاشای بابانەوە داناوە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

تا فەلەك دەورەی ئەدا سەد کەوکەبی ئاوا ئەبێ

وەبزانم ئەوەشی لە ڕۆی هەستێکی پاکی کوردایەتییەوە نەبوە ، دەنا هەتیو نەدەبێ ، بەڵکو نەوس و شۆرباوخۆرێ پێی کردوە » (٣٨) •

گیو هەروەها لەسەر تانە و توانجی خۆی ئەڕوا و ئەڵێ :

« بەڵگەیەکیتر کە گرنگترین نمونەی دڵڕەقێتێ و بێبەزەیێ و

---

(٣٧) گیوی موکریانێ ، پێشەکیی دیوانی نالی ، هەولێر ، ١٩٦٢ ، ل ا .
بەپێچەوانەی قسەکەی مامۆستا گیوەوە ، شانامە ، هەرچەند زمانی فارسیی زیندو کردوەتەوە ، زۆر وشەی عەرەبێ و تەنانەت تورکیشی تیایە .

(٣٨) سەرچاوەی پێشو ، ل ب .

هەستییەتیی نالی لە ڕاست کوردانیدا سۆر دەکاتەوە ئەم دوو تاکەیەتی کە دەڵێ :

**طەبعی شەککەر باری من کوردیی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصوودی لە ( عمداً ) وا دەکا**

لێرەدا خۆی ددانی بەوەدا ناوە کە هەڵبەستی بۆیە بە کوردیی داناوە چونکە کوردیی لە زمانێکیتر باشتر دەزانێ خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە • لەوەش‌دا کە دەڵێ :

**کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**

لێرەشدا وادەگەیەنێ کەسێکی نەزان نەبێ ڕەخنــە لە هەڵبەستەکانم ناگرێ لەبەرئــەوەی کە کوردیــن چونکــە مەبەس وشــە نیە بەڵکــو واتایە ••• » (٣٩) • تا ئەڵێ : « ••• جا مرۆ چــۆن لە داخانا نەمرێت کە زانا و بوێژێکی دەستەڵاتدار لەجیاتیی نیشتمان پەرستیێ هەوا و هەوەس پەرست بێ و حەبیبەی بە هەموو کورد و کوردستان نەگۆڕێتەوە ؟! » (٤٠)•

دیــان ئەڵێ :

« ••• مەستورە ( ماهشەرەف خــانم )ی کوردستانێ کــە یەکێك بوە لە وێژەوان و بوێژە هەرە پایە بەرزەکانی کوردی ســنە و خــاوەندی دیوانە لەوانەیە کە لە دیار نالیدا گوتبێتیــان : هەڵبەستەکانی مەســتورە جوان و پەسەندن ، نالیش لەبەر نەکێشان و خۆپەسەندیێ پەردەی ئابڕوی مەستورەی دڕیوە و بەو بەندە ( قەصیدە )یەی :

هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV

**مەستورە کە حەسناوو ئەدیبە بە حیسابێ**

---

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل پ .

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل ت .

لە ستوری شێواز ( ئەدەب ) زۆر تێپەڕیوە ... هەزار موخابین ! » (٤١) .

پاش چواردە ساڵ لە نوسینەکەی مامۆستا گیو موکریانی ، مامۆستا موحەممەد ئەمین کاردۆخیش وتارێکی بە ناونیشانی « بەدبەختیی شاعیر و نوسەرەکانمان » نوسیوە . ئەویش هەمان گلەیی لە ( نالی ) کردوە ، ئەڵێ :

« ... بۆ نمونە تاقە ( ژنێکی شاعیرە )مان بوە بە ناوی مەستورەوە کەچی ( نالی )ی شاعیر کە هاوچەرخی بوە ( خەوی پێوە دیوە ) ، بە هەڵبەستێکی دور و درێژ شکاندویەتی ... » (٤٢) .

لە ئاستی ئەم ڕەخنانەی مامۆستایان گیو و کاردۆخیدا هەر ئەوەندە ئەڵێم کە :

١ ــ نەتەوایەتی هەستێکی سیاسییە و زادەی قۆناغێك و چەند هۆ و دۆخێکی تایبەتیە و لە خۆیەوە نایەت . پێویستیش نیە هەمو کەس ئەم هەستەی بە یەك شێوەی تایبەتی هەبێ . لەو قۆناغەدا کە نالیی تیا ژیاوە بە دەیان شاعیری کلاسیکی هەڵکەوتون و کەسیشیان شێوەی نەتەوەخوازیی لە شیعرەکانیاندا دەرنەکەوتوە . هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە ئەمڕۆ بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە ئەڕوانینە زانایەکی بلیمەتی وەك خانی یا شاعیرێکی هەڵکەوتوی وەك حاجی قادری کۆیی ، یا مەلایەکی پایە بەرزی وەك مەلای کۆیە ( ١٨٨٠ ــ ١٩٤٣ ) کە ئەمانە زیاد لە شاعیر و زانا و مەلاکانی هاوچەرخیان هەڵکەوتو بون و هەستێکی تایبەتی لە دەرونیاندا خولی خواردوە و لە بەرهەمەکانیاندا بە ئاشکرا دیارە ، بەڵکو هەندێکیان لەمەش زیاتر ئاسۆیەکی فراوانتریان لە بەرچاو بوە . بەڵام ئەمە نابێ وامان لێ بکا زخی ئەدیب و زاناکانی‌ترمان بە کەم تەماشا بکەین کە هەر هیچ نەبێ

(٤١) سەرچاوەی پێشو ، ل ت .

(٤٢) گۆڤاری ( بەیان ) ، بەغدا ، مارتی ١٩٧٥ ، ژمارە ٢٣ ، ل ١٩ .

نەوەستاون و لەگەڵ دەور و پشتا ( تفاعل )یان کردوە و ئەوانیش سەرو خشتیان لە بناخەی ئەدەب و زانیاریی مرۆڤایەتیدا داناوە • هەرگیز نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین لە هەر چەرخێکدا هەمو زانا و ئەدیبەکانمان لە هەمو لایەنێکەوە لە یەك پلە و پایەدا بن • ئەگینا هەمو ئەدیبەکانی فەرەنسای سەردەمی ( ڤیکتۆر هیگۆ ) وەك هیگۆ و هەمو ئەدیبە ڕوسەکانی سەردەمی ( گۆرکی ) وەك گۆرکی و هەمو ئەدیبە عەرەبەکانی ئەم چەرخەش وەك جەواهیری و سەییاب و هەمو ئەدیبەکانی کوردەواریی خۆشمان وەك ( گۆران ) ئەبون • لەڕاستیدا ڕێبازی شاعیرە هەڵکەوتوەکان و بلیمەتییان لە هەمو سەدە و سەردەمێکدا سەرنج ڕائەکێشەرە و بیری تیا کوڵ ئەبێ •

نانە و توانجی ساردی وەك ئەوەی گیو ، ئاراستەی ئەدیبێك ئەکرێ لایەنگری لای چەوت بێ ـ بۆ نمونە : لەکاتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی یا نیشتمانیدا لەگەڵ بەرەی دوژمندا بێ ـ نەك یەکێکی ئیمتیادی و لە ویژەدا هەڵکەوتوی وەك نالی ! من نازانم چ نازەسایەك لەم ئەدیبەدا بەدی ئەکرێ بێجگە ئەوەی کە ئەدەبی کوردی گەیاندوەتە پلەیەك کە مایەی شانازییە و بەرهەمەکەی لە دیاریترین کەلەپوری نەتەوە ئەژمێردرێ •

ئێمە ئەگەر لەم ڕوە ڕەخناوییە تەسکەوە بۆ کەلەپور و خاوەنەکانیان بڕوانین زۆر لەدواوە ئەمێنینەوە • ولاتانیتر ، بە سۆشیالیست و سەرمایەدارییانەوە ، بە دەیان جار و جۆر دیوان و کتێبی شاعیر و نوسەرانی کۆنی خۆیانیان لەچاپداوە و لێیان کۆڵیونەتەوە و سەرشانیشیان ئەگرتون • بگرە نرخی شایانی شانیشیان داونەتێ •• تۆ بڵێی تەنانەت فارسیش وەك هەندێ کەسی لای ئێمە سەیری حافظ و سەعدیی نەمر بکەن ؟ بڕوا ناکەم !

٢ ـ ئەمجا با لایەك لە بەرهەمەکانی ( نالی ) بکەینەوە بزانین ڕاستە هیچیان تیا نیە ؟!

قەصیدەکەی کە بە « بادی خۆش مرور »دا بۆ ( سالم )ی هاوڕێ و هاودەمی ناردوە ، ئەگەر شێوەیەك لە شێوەکانی هەستی نەتەوایەتی نەبێ ، بۆچی تەنها ( سالم )ی بەسەر کردوەتەوە و نامەی بۆ نوسیوە ؟ ئەو سالەی

کە تێکەڵی خانەدانی بابانەکان بوە و بەرزێ و نزمیی ئەوانی بە هیی خۆی زانیوە و لەناو گەردەلوولی ئەو ڕۆژانەدا ژیاوە ؟!

بێجگە ئەو هەموو تەعریف و بە شـــان و باڵا هەڵدانەی کە بۆ ئاو و خاك و تۆز و گەردی سولەیمانیی ئەڵێ ، بە شارێکی پڕ ( عەدل )یشی ئەداتە قەڵەم ــ کە « عەدل » پەیوەندی بە فەرمانڕەواییەوە هەیە و ئەوە ئەگەیەنێ کە نالی دەستەڵاتی بابانە خــۆ ولاتییەکانی زۆر بە دڵ بوە . هــەروەها دانیشتوانی ولاتەکەشی بە هونەرمەند و خاوەن کارگێڕێ داوەتە قەڵەم :

**ئەهلێکیوای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن**
**هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری نوموور**

سەیرێکی ئەو بەراوردانە بکە کە لە نامەکەیدا لەنێوان دوو دۆخی جیا و دژدا ئەیــکا ، کە هەمــوی هێما و هێماکارییــە و پلارە لە دەســتەڵاتی عوسمانییەکان :

دەوری (کانی‌با) « بە جەمع و دایەرەیە » و جێی ئاهەنگ و خۆشییە ، یا « ڕۆژی قیامەتە » و بە دەست بێگانەوە زەلالەتیەتی ؟ چیمەنی خانەقا « ڕەبیعی ئاهوە » یا « چایری ستوور ( هێستر ! ) ، » ؟ سەوزەی دەور و بەری گوڵ « تەڕە » یا وەك « ڕیشی کاکە سوور » وایە ؟ « جمەی دێ لە حەبیبان » یا وەك دۆزەخ پڕە لە « ڕەقیبان » ؟ « کەناری حەوشەکە جێی باز و کەوشەکە » یا بــوە بە « مەعرەضی نوفوور » ؟! « فەضــای دەشتی فەقێکان مەحشەر میثالە » یا بوەتە « چۆڵی سەلم و توور » و بۆنی خوێنی لێدێ ؟!

ئەگەر ئەمانە هەموو بۆ دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ناوچەی سولەیمانیدا بە ولات ویستن نەدرێنە قەڵەم ئەی ولات ویستن چیــە ؟! تۆ بڵێی ئەمەش هەر « شورباوخۆرێ » بێ ؟!

ئەی لە غەزەلەکەیدا کە بۆ سلێمان پاشای بابانی وتوە و زۆری وەفاتی تیا دیارێ کردوە و پیرۆزبایی لە ئەحمەد پاشای کوڕی کردوە و سلێمان

پاشای بابانی گەیاندوەتە ڕادەی جەمشید و شانازیی بەو سەردەمەوە کردوە کە ئەو تیا فەرمانڕەوا بوە ، مل‌ملانێ لەگەڵ ئەوکەسانەدا کردوە کە لەوانەیە بڵێن لـەم ڕۆژەدا جەمشید نیە • ئەمـەش شانازێ بە نەتـەوە و ڕۆڵەی نەتەوەوە نیە ؟ لە تەعریفی چەند کەسێ‌تردا وای وتوە تا بڵێین وەك خەڵكێ‌تر لەدۆی نان و پایە گەڕاوە ؟ هەر تەنها پەیوەندی دۆستێ و خۆش‌ویستن و بە شانازییەوە باس کـردنی فەرمانڕەوای وڵاتی لەو سـەردەمەدا بە وڵات ویستن ئەدرێتە قەڵەم • بێجگە ئەوە کە بایەخی دیارێ کردنی تەئریخیشی بێتە پاڵ ، کە ئەوەش خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی شانازێ‌کردن •

لە غەزەلی :

**ئەم تائفە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن**

یشـدا زۆر بەئاشـکرا هەستی پێ‌خۆش‌بـوون و شـانازێ‌کردن بـەو دام و دەزگایە بەدێ ئەکرێ کە بێ‌گومان ئەمەش هـەر لە هەستی نەتەوە ویستییەوە هەڵئەقوڵێ •

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە بزۆتنەوەکانی کوردستانی سەردەمی (نالێ) بزۆتنەوەی خێڵەکێ بـوون و خاوەن دەستەڵاتەکانی بابان هـەر خۆیان بەر بۆبۆنە گیانی یەکتر و بزۆتنەوەی نەتەوایەتێ نەگەیشتبوە ڕادەیەك هەمۆ شاعیرێ ــ وەك هەندێ کەس ئەیانەوێ ــ بیزوێنێ ، ئەگەرچی لە هەمۆ چەرخێکیشدا بلیمەت و هەڵکەوتۆ سەری هەڵداوە و ئێمەش لەو جـۆرە کەسانە بێ‌بەش نین و ( نالێ ) و غەیـری نالییش گلەییان لێ‌ناکرێ کە لە بەرهەمەکانیاندا بە شێوەیەکی دیارێ و ڕاستەوخۆ ڕێبازی نەتەوەخوازییان نەگرتوە • بۆ سەربەرزیی نەتەوە و بۆ ( نەمر )یی نالییش ئەوەندە بەسە کە لەگەڵ ئەو هەمۆ فارسی‌زانێ و عـەرەبێ و تورکی‌زانینەدا ڕێـگای شیعر وتنی بە کوردێ گرتوەتەبەر و وەك هەوێر یاریی بە وشە و ڕستەی کوردێ و وشەی زمانە دراوسێکان کردوە و قوتابخانەیەکی بۆ شیعری کوردێ داناوە دەیانی وەك کوردێ و مەحوێ و نارێ و بێخود و ئەدیبانی‌تر دوای کەوتۆن و بەهرەیان لێ وەرگرتوە • لەمەوپاشیش بە درێژێ لەم بابەتە ئەکۆڵینەوە •

٣ ـ لە غەزەلەکەشیدا لەمەڕ ( نوریێ ڕۆدباریێ ) ، لە برادەریێ و وەفا و خۆش‌ویستن بەولاوە شتێك نابینم کە بۆنی ڕیا و ماستاوکردنی لێ بێ • تۆ بلێی نوریێ ڕۆدباریێ مەلا خدری نالیی ژیاندبێ و نوقمی ناز و نیعمەتی خۆیی کردبێ ، بۆیە ئەمیش وا بە سۆز بیری ئەکانەوە و دوعای بۆ ئەکا کە بە خۆشی و سەلامەتی بگەڕێتەوە ؟ ئەی بۆ غەزەلەکەی بریتی نەبێ لە دەربڕینی هەستێکی خاوێنی برادەرایەتیی نالیێ بەرامبەر برادەرێکی دلسۆزی کە لێی حالیێ بوە و دلیان بە یەك کراوەتەوە •

٤ ـ سەبارەت بە دۆ بەیتەکەشی کە مامۆستا گیو کردنی بە بەلگەی تاوانبار کردنی ، بە پێویستی ئەزانم بلێم لەڕاستیدا نالیێ لە تێکڕای ئەو دۆ پارچە شیعرەیدا کە ئەم دۆ بەیتەیان تیایە ، ئەیەویێ بە شان‌وبالی خۆیا هەلدا • بەم پێیە مەبەستی لە شیعری یەکەم باس‌کردنی توانای ئەدەبیی خۆی و دەسەلاتی شکانیەتی بەسەر هەر سێ زمانی کوردیێ و عەرەبێ و فارسیدا و ئەیەویێ بەرپەرچی ئەوانە بداتەوە کە تانوتی ئەوەیان لێ‌داوە گوایە زمانەکانی‌تر نازانێ بۆیە بە زمانی خۆمالیی کوردیێ شیعر ئەلێ • نالیێ لە وەلامی ئەوانەدا ئەلێ : بە کوردیێ شیعر وتنم هیی ئەوە نیە ناتوانم بە فارسیێ و عەرەبیێ شیعر بلێم ، بەلکو ئەمەویێ خۆم تاقیێ بکەمەوە شتێکی نویێ بێنمە ئاراوە کە تائیستا کەس نەیکردبێ : بە کوردیێ شیعر بلێم ، واتە بەپێچەوانەی بۆچونەکەی گیوەوە ، کوردیێ بکەم بە زمانی ئەدەب و ئەدەبێکی کوردییش دروست بکەم شان‌بەشانی ئەدەبی فارسیێ و عەرەبیێ بێتە مەیدانەوە ! هەمۆشمان ئەزانێ بەر لە نالیێ و سالم و بەر لە چەرخی گەشی بابانەکان ، بە زاراوەی سولەیمانیێ شیعر نەوتراوە • تا ئەو سەردەمە شیعری کوردیێ لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا لەسەر کێشی پەنجەی خۆمالیێ و بە زاراوەی ( گۆرانیێ ) و لە کوردستانی ڕۆژاوادا لەسەر کێشی خۆمالییش و عەرەبییش و بە زاراوەی کرمانجیی سەرۆ بوە • شیعری کوردیێ لەسەر کێشی عەرۆزی عەرەبیێ و بە زاراوەی سولەیمانیێ زادەی شارستانەتیی سەردەمی بابانەکان و دەستکردی نالیێ و سالم و پاش هاتوەکانی ئەوانە •

لە شیعری دۆهەمیشیدا پێیان ئەڵێ چ منیش و چ ئێوەش کوردین و کوردیێ ئەزانین ، بەڵام شانازییەکەی من لەوەدایە بە زمانی زگماکی خۆم مەعنای وا دێنمە ئاراوە کەستان نەتوانێ خۆی لە قەرەی بدا ! کەواتە با کەس گاڵتە بە شیعرەکانم نەکا بڵێ ئەو شیعری بە کوردیێ وتوە و هەموو کەس کوردیێ ئەزانێ .. مەسەلەکە بە تەنها کوردیێ زانین نابڕێتەوە . شیعر هەم زمانیشە و هەم داڕشتنیشە و هەم مەعنای بەرزیشە .. ئەوا گریمان ئێوە کوردییەکەی حاڵیێ بوون چونکە زمانی خۆتانە و شاعیریشتان تیا هەڵکەوت بتوانێ وشە ڕێك بخا .. ئەی مەعنای بەرز لەکوێوە دێنن .. پیاوی عاقڵ دوای مەعنا ئەکەوێ و شت بە مەعنادا ئەناسێتەوە . هەر بۆیەش پاشان ناحەزەکانی ئەداتەوە بەر پلار و پێیان ئەڵێ :

**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی ؟**
**کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هوودا دەکات ؟**

شیعرە کوردییەکانی خۆی یا وەك تاڵی کندر بە ورد و باریك یا وەك تای زوڵفی یار بە ناسك و نازدار دائەنێ و شیعری بەربەرەکانێ کەرەکانیشی ، بە هەر زمانێ بێ ، بە پەتك .. جیاوازیی نێوان هەوداو پەتکیش هیچ لەسەرنووسینێکی ناوێ !

ئەنجا ئەگەر ، وەکو مامۆستا گیو ئەڵێ ، نالیێ زمانی کوردیی ، وەك زمان ، لاسووك بوبێ و ویستبێتی لاسەنگیی باری شیعرەکانی ـ بە هۆی زمانە کوردییە سووکەکەیانەوە ! ـ بە گرانیی مەعناکانیان ڕاست کاتەوە ، خۆ فارسیێ و عەرەبییش هەر وان .. لەوانیشدا هەر مەعنا سەنگی شیعر دیاریێ ئەکا و زمانەکان لەخۆیانا شتێکی ئەوتۆیان نیە ئەگەر قسەی بێمەعناشیان پێ بکرێ جێگای مەعنایان بۆ پڕکاتەوە . کەواتە وا دیسان نالیێ بە چاوێکی سووك سەیری زمانی کوردیی نەکرد و هەر ئەوەندە بو مەعنای لا مەبەست بو و لەوە بەولاوە هەموو زمانێکی لا چون یەك بو ، کە ئەوەش هیچ بە سووك زانینێکی کوردیێ ناگەیەنێ .

نالی ئەگەر زمانی کوردیی بە سۆك و بێبایـەخ دابنایە شان بەشانی عەرەبی و فارسی ڕیزی نەئەکرد و هەر سیانیانی بە سێ وڵات دانەئەنا و خۆی نەئەکرد بە حوکمڕانی هەرسێکیان :

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێیم بە دەفتەر گرتوە**
**( نالی ) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە ، دیوانی هەیە**

ئەمەوێ دیسانەوە بڵێم هەر تەنها نوسین و شیعر وتنی نالی بە کوردی و لەو سەردەمەدا ، خۆی لە خۆیدا مایەی سەربەرزی و شایانی شانازی پێوە کردنە و ، پێویـسـتە زۆر بە چاوی ڕێـزەوە تەماشا بکـرێ • هێنانەدیی ئاواتەکەی شاعیری مەزن و نەتەوە پەرستی کورد حاجی قادری کۆیـیە ، گۆڕەکەی پڕ بێ لە نور ، کە ئەفەرموێ :

**کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنوسرایە زمانی**

**مەلا وو میر و شێخ و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی**

٥ ــ نالی لە قەصیدە نایابەکانی ڕێـگای مەککە و مەدینەشیدا و ، لەکاتی نزا و پاڕانەوەیدا لـە بارەگای خوا ، ئەوەی لە بـیر نەچوە باسی کوردایەتیی خۆی و شیعرەکانی بکا :

**مواردم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە ، نەوەك نەعتە**
**بە چەن بەیتێکی ( کوردانە ) ، کە قورئانت ثەنا خوانە !**

**ئەگەرچی ( کورد )ی دۆری شارەزۆری قەسوەتم ئەمما**
**وەسیلەم طەبعەوو حیلمی شەفیع و فەضلی مەننانە**

٦ ــ لە قەصیدەکەیدا کـە دژی میرزا صەفای شـیرازی وتویەتی ، بەراورد لەنێوان ڕابواردن و دنیا پەرستیی عەجـەم و زیرپۆشیی غەیری عەجەمدا ئەکا ، بەو جۆرە کە عەقڵی ئەو و ئەو وەختە بڕیویەتی ، لەپاشدا ئەڵێ :

## میللەتی کورد و عەرەب هەردویەکە تەفرەقە بوّن
## بە جەفاوو میحەنی مولکی سەباوو یەمەنی

لەم بەیتەدا خوێنەری وریا بوّنی ئەوە ئەکا کە ( نالی ) بێبەش نەبوە لە هەستێکی ولاّت ویستن و هاوولاّت خوّشویستن و بگرە زیرەکییەکەی ئەوەندە سەرزێژ بوە ئەوەشی زانیوە کە میلەتی کورد و عەرەب لە کوّنەوە و تا ئەو سەردەمە گیروّدەی دەستی زوّرداری بێگانە و ، زیز چەپوّکەی ڕوّژگار بوون و ، لە ماڵوێرانیدا یەکیان گرتوەتەوە .

لە ڕاستیدا ، ئەگەر نەیێتە زیادەڕەویێ لەوانەیە بڵێم خەوەکەی لەمەڕ مەستورەی و قەصیدەکەی لەمەڕ میرزا صەفای شیرازیشی لە هەستێکی حەز لە زمانی کوردێ کردنەوە بە کوردێ وتوە ، ئەگینا فارسییشی هەروەك کوردێ زانیوە و ئەیتوانی بێ خوّ ماندوّ کردن دوّ شاکاری فارسیی بوّ بنوسیایە ، بەتایبەتێ هەر هیچ نەبێ فارسییەکە لای میرزا صەفا و مەستورە خانم باوتر بوە !

جا با بێینە سەر قەصیدەکەی لەمەڕ مەستورە ، کە ئەویش ، وەك باسمان کرد ، بوەنمایەی کوّمەڵێ هێرشی نابەجێ بوّ سەر نالی :

بەر لە هەرچێ هێرشی شاعیرێك بوّ سەر شاعیرێکیتر لە چوار چێوەیەکی دوّر لە سیاسەتدا ، جا ئەو دوّ شاعیرە لە یەك نەتەوە بن یا لە دوّ نەتەوەی جیا ، بەدبەختیی لایەکیان و ستەمکاریی ئەو لاکەیان ناگەیەنێ . شیعر زادەی هەست و خەیاڵی ذاتی و تاقی کردنەوەیەکی ناوخوّی شاعیرە بەرهەمی ڕوّژ و دوّخێکی تایبەتییە و باوەڕ ناکەم کەس مافی ئەوەی بیێ ڕێگای دەربڕینی ( هەست ) لە کەس بگرێ . شیعر وەنەبێ تەنها دوّ نیوەی ئەوەندەی یەك و چەند ڕستەیەکی کێشدار بێ . شیعر بروّسکەیەکە لە مێشکەوە دەرئەچێ .. هەستێکە دەروّنی شاعیر پڕ ئەکا و لە توّکی قەڵەمەکەیەوە سەر ئەکا و ئەڕژێتە خوارێ .. شیعر خوّی کارێکی ئەفسوّناوییە و ئەو کارەش کە ئەیکاتە دەروّنی خەڵك هەر لەو بابەتەیە .

بۆیە تەنانەت پێغەمبەریش ( د • خ ) فەرموویەتی : « ان من الشعر لحکمة و ان من البیان لسحرا » واتە : بەڕاستی هەندێ شیعر پەندی زۆر بەرزە و هەنـدێ زەوانبێژییش ئەفسوون و جـادووە • هـەر لەبەر ئـەم دۆخـە تایبەتییەی شاعیریشە پێشینان وتوویانە هەر شاعیرێك شەیتانێکی تایبەتی هەیە کەی سەری لێ بدا شیعری بۆ دێ ! بۆیەشە شیعر کە بۆ بە دەسمایەی ژیان و پایە ، هەرچەندە جوانیش بێ هەر بێتام و خوێ نەبێ •

من نە گلەیی لە نالی لەم ڕووەوە بە ڕەوا ئەزانم کە شیعریوای لەبارەی مەستوورەوە وتـوە و نە لاشموایە ئەگـەر مەستوورەش وەلامێـکی لەم ( تەڕتر )ی بدابایەتەوە کەس بۆی هەبو بلێ خراپی کردوە •

٢ ــ ئەنجا بۆ ئـەم قەصیدە نایابەی نـالی کە ئەوپەڕی جـوانی و ڕازاندنەوە و دووتوێیی وشە و قوولیی مەعنای تیا بەکارهێناوە و مەستوورەی لە پۆپەی جوانی و داوێن پاکیدا پیشانداوە نیشانەی « کەچی و سووکی و هەرزەیی » بێ بۆ دانەرەکەی ؟ هیچ دوور نیە نالی ئەم قەصیدەیەی لە هەڕەتی لاوێتیدا وتبێ پێش ئـەوەی خۆی ژن بێنێ و مەسـتوورەش شوو بکا و ، دەربڕینی ڕاستەقینەی هەستێکی پەنگ خواردووەی ناو قوولاییی دەروونی لاوێکی بێبەش و دەست نەڕۆیشتوی ، بـە نەریت و پەیوەندی ئاینی و کۆمەلایەتی گەمارۆ دراو بێ کە تاقە ڕێگایەکی هەناسەدانی برێتی بوبێ لەم ڕێگای ( ئەدەبی نیمچە بێپەردە )یە •

٣ ــ گریمان وتمـان ڕاستە ئەم قەصـیدەیە « پەلامارێـکی زۆر ناشـیرین و ناڕەوایانە »یە ، بەلام مـادەم دەور و پشتی مەسـەلەکەمان بەتەواوی بۆ ڕوون نەبوەتەوە و بۆنە و مێژووی دانـانی قەصیدەکەی نالی نازانین و لەبۆچوون بەولاوە هیچ سەرچاوەیەکمان بەدەستەوە نیە ، بۆ نەبێ وای دانەنێین کە نالی لەخۆڕایی ئەم پەلامارەی مەستوورەی نەداوە ؟ بۆ نەبێ مەستورە لەپێشا گورزی خۆی نەوەشاندبێ و نالیی بەر پلار نەدابێ یا هەر هیچ نەبێ لای ئەم و ئەو بە ناشاعیری ناونەبردبێ و ئەمیش بەم قەصیدەیەی بەرگریی لە خۆی نەکردبێ ؟!

٤ ــ له مێژوی ئەدەبدا به صەدان شەڕە جنێوی به شیعر لەنێوان شاعیراندا ڕوی‌داوه و شتی‌وا له مێژوی ئەدەبی کوردیشدا هەیه و کەسیش نەهاتوه له لاوه بەزەیی به کەسیاندا بێتەوه و لەسەری بکاتەوه . هەر لە مێژوی ئەدەبی عەرەبدا که له بەردەستی هەموماندایه به لێکۆڵینەوه و هەڵسەنگاندن دەیان ( شەرح )یان لە ( نەقائیض )ەکەی ( فەرەزدەق ) و ( جەریر ) کردوه و لایەنه هونەرییەکانیان و هۆی ئەو شەڕە شیعرانەیان ڕون کردوەتەوه . وا هەر بۆ نمونه شەڕە جنێوێکی نێوان فەرەزدەق و جەریر ئەخەینەڕو که هەردو نەك هەر له یەك نەتەوه بەڵکو له یەك خێڵیشن ، له ( بەنی تەمیم )ن و تەنها ئەوەندەیه هۆزەکانیان جیان ، یەکەمیان له هۆزی ( مەجاشیع ) و دووەمیان له هۆزی ( کولەیب )ە .

فەرەزدەق به جەریر ئەڵێ :

**ولو ترمى بلؤم بنى كليب**
**نجوم الليل ، ما وضحت لسار**
**ولو يرمى بلؤمهم نهار**
**لدنس لؤمهم وضح النهار**

جەریریش به فەرەزدەق ئەڵێ :

**لقد ولدت ام الفرزدق فاجرا**
**و جاءت بوزواز قصير القوائم**
**وما كان جار للفرزدق مسلم**
**ليامن قردا ليله غير نائم (٤٣)**

کەواته بۆ ئەبێ ئەگەر لای ئێمەش شاعیرێك شتێکی تۆزێ لەعادەت بەدەر به شاعیرێکی‌تر بڵێ ، بەم‌جۆره لێی بکرێ به هەرا ؟

---

(٤٣) الدكتور شوقي ضيف ، تاريخ الادب العربي ــ العصر الاسلامي ، القاهرة ، ( الطبعة الثانية ) ، بدون ذكر سنة الطبع ، ص ٢٤٢ و ٢٤٧ .

ئەمە لەبارەی هەرای نالی و مەستورە و بەرپەرچدانەوەی هێرشی ناڕەوای هەندێ کەسەوە بۆ سەر نالی . بەڵام توخوا ئەگەر لەباری سەرنجی مێژوی ئەدەب و کۆمەڵایەتیی کوردەوە ورد ببینەوە ، باشتر نەبو ئەم مامۆستایانە لەجیاتیی خۆ خەریك کردنیان بەو جۆرە بابەتە بێ ئایە و مایانەوە ، لەوە بکۆڵینایەتەوە ئاخۆ ئەم پارچە شیعرەی نالی چی ئەگەیەنێ و دیوەخانی میرانی ئەردەڵان چۆن کۆڕێك بوە وا بوە بە جێگەی کۆبونەوەی ئەدیبان و سەربەستیی بەڕادەیەك تیا بوە میرکچێکی ئەدیبی سنەیی توانیویە بێ چارشێو و ڕۆپۆش تیا دانیشێ و فەقێیەکی غەریبی وەك نالییش تیا بەشدار بێ و لەگەڵ مەستورە یەکتری تیا بناسن و ئەمە هەمو یانی چی ؟

( نالی ) مرد و ( مەستورە )ش مرد و هەمو کەسی کەش ئەمرن . ئەوەی بەش بە حالی کورد لەم دوانە بەجێمابێ ئەدەبەکەیانە . بۆ ئەدەبی کورد چەند جوان ئەبو ئێمەش چەند « شێخ ڕەضا »ی ترمان بوایە و ئەدەبەکەمان چەند دەولەمەندتر ئەبو ئەگەر نالی چەند قەسیدەی تری وەك ئەوەی لەمەڕ مەستورەی وتبایە و مەستورەش وەڵامی دابایاتەوە و شاعیرەکانی تریش شیعری وایان دانابوایە . ئەوە بۆ ئێمە زۆر بەبایەخ تر ئەبو لەوەی بڵێین ئەدەبەکەمان ئەدەبی مەلائیکەتانە و لە کاروباری سەرزەوی نادوێ !

**کات و شوێنی ئەم خەو بینینەی ( نالی ) :**

کە لە وەڵام دانەوەی ڕەخنەکانی لەمەڕ مەستورە خانم بوینەوە ، بێ جێ نابێ باسێکی کاتی خەو بینینەکەش بکەین و کەمێ لێی بکۆڵینەوە .

وەك مەشهورە ، نالی لە سنەیش خوێندویەتی . وەك ئایەتوڵڵای مەردۆخییش ئەڵێ ، مەستورە خانم لە ۱۲٤٤ی.ك (۱۸۲۸ ــ ۱۸۲۹ی.ز)دا شوی بە کەیخوسرەو خانی ناکام کردوە (٤٤) .

---

(٤٤) شیخ محمد مردوخ ، تاریخ مردوخ ، جلد دوم ، بدون ذکر سال و محل طبع ، ص ۱٦۱ .

گومان لەوەدا نیە کە ئەم دوانە ( نالی و مەستورە ) هاوچەرخ بوون . بەلام نالی لەکوێ و کەی ئەم خەوەی دیوە و قەریحەی کراوەتەوە و ئەم هەلبەستەی ڕازاندوەتەوە ؟ ئاخۆ لە سنە یا لە دەرەوەی سنەدا ، پێش شوکردنی مەستورە یا پاش شو کردنی ؟ ئەمانەش وەك هۆی وتنی قەصیدەکەی ، هەمو بێ سەر و شوێن ماونەتەوە و تەنها بە توژینەوە ئەبێ شتێکمان لەبارەیانەوە بو ساغ ببێتەوە .

باوکم بۆی گێڕامەوە کەوا لە مامۆستا شێخ بابە ڕەسولی عەبابەیلێی بیستوە کەوا « نالی لە سنە لە مزگەوتی دارول ئیحسان خوێندویەتی و ، ئەو ڕۆژەی ئەم قەصیدەیەی تەواو کردوە ، بو شەو سنەی بەجێ‌هێشتوە و بەرەو عێراق گەڕاوەتەوە » . مزگەوتی دارول ئیحسانیش ئەمانوللا خانی والی باوکی کەیخوسرەو خانی ناکام دروستی کردوە .

جا ئەگەر نالی لە سنە بوبێ و لەپاش شوکردنی مەستورە ئەم قەصیدەیەی وتبێ ، ئەوا بەپێی ئەو سالەی کە بو لەدایك‌بونیان داناوە ، واتە ۱۲۱۵ی . ك ، ئەبێ ئەو دەمە لە تەمەنی ۲۹ـ۳۰ سالاندا بوبێ و لەوێ فەقێ بوبێ . سێ سالیش بو فەقێی زیرەك درەنگە و بو ئەوە ئەشێ گومانی لێ بکرێ ، یاخود ئەبێ بلێین لە ئاخر و ئوخری سەردەمی ئیجازە وەرگرتنیدا بوە . خو ئەگەر پێش شو کردنی مەستورەش وتبێتی ، ئەوا ئەبێ تەمەنی لە ۲۹ سالان کەمتر بوبێ و ئەمەش زیاتر ڕێی تێ ئەچێ .

زوربەی تەعبیر و وشە بەتوێکلەکانی نالی ئەوە ئەگەیەنن مەستورە لەوکاتەدا شوی نەکردبێ ، وەکو ئەمانە : « عوقدەم هەیە » ، « هیی تۆم » ، « ئەم مەسەلە حەل کەی » ، « بیکر » ، « مومکین نیە کەس دەخلی بکا » ، « میثلی سوها بێ نەسوابێ » ، « دوڕڕی سەما بێ نەسمابێ » ، « نەقوپابێ » ، « ئاوی نەدرابێ » ، « طەلیسمی نەشکابێ » ، « هێشتاکو لە حەق جێگەیی خاصی نەدرابێ » ، « ئیکسیری تەلای ئەحمەری چەن قەطرە لە لا بێ » ، « دەعوای ئومەرا چەند لەسەر تەختی کرابێ » ، « چەند خوێنی ڕژاییت و چ خوێنی نەڕژابێ » .. تاد .

بەداخەوە هێشتا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەلواوە خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان بکا و تێکڕای دیوانەکە بداتە بەر شیکردنەوەی قەڵەم •

ئێمە بە هەمو ڕۆنی و ئاشکرایيەك پێی لێ ئەنێین کەوا هەندێ شوێنی دیوانەکەمان بۆ ساغ نەکراوەتەوە • شێوەی نوسینی کۆن و نامەلایەتیی زوربەی ڕۆنوس کەرەوەکانیش ئەوەندەی تر بون بە کۆسپی ڕێگامان • ئەوەشی کە زانیومانە ، لامانوایە هێشتا زۆری تری بەبەرەوەیە • بەڵام هەرچۆن بێ و ئەمەی کە کردومانە هەرچەند کەم بێ ، کەم لە هیچ هەر باشترە و ، بۆیە وا بەپێی ئەم باوەڕەمان دیوانی نالیتان ئەخەینە بەردەست و ، بەوپەڕی دلسۆزی و ڕاستییشەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەین کەسێکی تر شتێکی لەمەی ئێمە پوختتر بلاو بکاتەوە و ئێمەش ئەوەمان بەسە بەشدارییەکمان لە کردنەوەی قەڵای سەختی شیعری نالی و تێکڕای ئەدەبی کلاسیکی کورددا کردبێ •

**فاتح عبدالكريم**

فەیاضی ڕیاضی گوڵ و میهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی ڕوخ و ذەوقی لەبت ذائیقە بەخشا (٢)

ذەڕڕاتی عوکوسی کەششی میهری جەلالن
وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵطان و شەهەنشا (٣)

---

( تەماشا ) شوبهێنراوە بـە ئەسپ و ( جلەو )یش بەڵگەکەیەتی چونکە جلەو لەو شتانەیە لەگەڵ ئەسپ ئەگونجێن . لـە وشەی ( دین )یشدا لەطافەت هەیە چونکـە هەم مـەعنای ئایـین و هەم مەعنـای بینینیش ئەگەیەنێ .

جلەوکێشی ( ت ) و ( ك ) : جلەوبەخشی .

(٢) فەیاض : باران ڕێژ . بەرەکەت بەخش . ڕیاض : جەمعی ڕەوضـەیە ، واتـە باخچـە . میهر : ئەو خۆرەی کـە هەمـوو جیهـان بگرێتەوە . خۆشەویستی . لەعل : مورویەکی ئاڵی گرانبەهایە و کینایەشە لە لێوی ئاڵ . ڕوخ : ڕوو . ذەوقی لەب : تامی لێو .

واتە : ئەی ئەوکەسـەی کە پیت و بەرەکەت و بایەخ بەسەر باخچەی گوڵ و بەسـەر ڕووڵ و مل و گەردن و لێـوی وەك لەعلـدا ئەڕژێنی .. ئەی ئەوکەسەی کـە ڕووناکیی ڕوو و تـامی لێـوت مایەی تام کـردن و چەشتن و لەزەت وەرگرتنە ..

( شەوقی ڕوخ ) و ( ذەوقی لەب ) مەجازن نەك حەقیقەت .
لە کۆکردنەوەی ( ڕیاض ) و ( فەیاض ) و ، ( شەوق ) و ( ذەوق )دا جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی ( ڕیـاض ) و ( گوڵ )دا تەناسوب هەیە .

مل و لەعلی ( جر ) : مـەهـ و لەعلە . ( چن ) و ( عم ) و ( ك ) : مل و لەعلێ . مەهـ : مـانگ . گفتوگۆ بە کۆمەڵ لە وشەی ( لەعلێ )دا لەبـەر بە گەورە گرتنی خوایە کە شاعیر قسـەی لەگەڵ ئەکا .

(٣) ذەڕڕات : جەمعی ذەڕڕەیە واتە تـۆز یا وردە . عوکوس : شـەوق و ڕووناکیی ڕووڵ . کەشش : هاتوچۆ و بەیەکا هاتن . جەلال : گەورەیی . سەرزەدە : سەرگەردان .

واتە : گەورە و پایەدارانی دنیا کە سـەرگەردانانە دێن و دەچـن و هەمیشە لەکاردان ، بایەخی تۆزێکی وردیان هەیە و شـتێکی نـاچیزن کەوتوونەتە بەر تیشکی هاتوچۆی خۆری گەورەیی یا خۆشـەویستی و

جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت
« فالبائس یستوهب من فیك معاشا » (٤)

بەو ڕەحمەتە عامەت کە دەکا سەنگی سییەهـ زەڕ
لەم قەلبە کە وەك بەردە ، ڕەشە ، « رَشٌ رَشاشا » (٥)

---

بەزەیی خوا ، بۆیـە وا دەرکەوتوون و سەرگەردانانە دێـن و دەچن . مەبەسـتی لەوەیە دەسـەڵات و گەورەیی و فـەرمانڕەوایی ئـەوانە لەڕاستیدا هیچ نییە و ئەگەر خوا بە گەورەیی خـۆی لوطفی لەگـەڵ نەکردنایە ئەو دەرکەوتنەی ئیستاشیان نەئەبو کە لەڕاستیدا لە هاتوچۆی وردە تۆزێك زیاتر نییە لەبەر تیشکی خۆردا .

لە کۆکردنەوەی ( ذەڕڕات ) و ( سولطان و شەهەنشا ) و ، (جەلال) و ( سەرزەدە ) و ، ( سەرزەدە ) و ( سولطان و شەهەنشـا )دا طیبـاق هەیە . لە کۆکردنەوەی ( دێن ) و ( دەچن )یشدا تەناسوب هەیە .

(٤) جان بەر لەب : ئەوەی گیانی گەیشتبێتە سەر لێوی واتە وەخت بـێ گیانی دەرچێ . بۆسە : ماچ . عاشقی زارت : عاشقی تۆ کـە لاواز و بێ‌گیانە ، یا عاشقی دەمت چونـکە ( زار ) بە مەعنا دەمیش هاتووە . بائس : نائومێد ئـەگەر لە ( بۆس ) وەرگیرابێ ، یا ماچ‌کەر ئـەگەر لە ( باسَ ) وەرگیرابێ .

واتە : عاشقی بێ‌گیانت ، یا عاشقی دەمت ، گیانی گەیشتووەتە سەر لێوی و خەریکە دەرئەچێ بۆ ماچی لێوت و ئەم نائومێدە یا ئەم داوای ماچ کەرە داوای مۆچە و بەرات لە دەمت ئەکا یا داوای گوزەران و ژیانت لێ ئەکا . دیارە نیسـبەت دانی لێـو و دەم و ماچ و مەعشوقییەتی لە خوا شتێکی مەجازییە و حەقیقەت نییە و ئەمەش لای شاعیرە پێشووەکان بـاو بووە .

بەکارهێنانی وشـەی ( بائس ) بەو دوو مەعنا پێشووەی باسمان‌کردن ، هەروەها وشـەی ( زار ) بە مەعنا لاواز یا بە مەعنا دەم لەطافەتی تیایە . نالی ئەم شێوەیە لە زۆر شوێندا دووبـارە ئەکاتەوە . لە کۆکردنـەوەی ( لەب ) و ( زار ) و ( فی )دا کە واتە دەم تەناسوب هەیە .

(٥) عام : گشتی و هەموکەس گرەوە . سەنگی سییەهـ : بەردە ڕەشە . زەڕ : زێڕ . قەلب : دڵ ، یان : ئەلب ، واتە ناچیز و بێ‌نرخ . رش رشاشا: ئاوڕشێن کە بە ئاوڕشێن کردن .

« لا حولَ و لا طولَ و لا قوةَ الا
بالله ، له القدرةُ ، والكائنُ ما شا » (٦)

« نالی » نییەتی سیحری بەیان ، حیکمەتی شیعرە •
ئەمما نییەتی قووەتی دڵ ، قودرەتی ئینشا (٧)

---

واتە : خودایا ! لەو بارانی بەزەییە گشتییەت کە ئەگەر بەسەر بەردی ڕەشا ببارێ ئەیکا بە زێڕ ، یا بەردی ڕەشی ناو دیواری کەعبەی وەك زێڕ پیرۆز و گرانبەها کردووە ، ئاوڕشتێنێکی ئەم دڵە ڕەق و ڕەشەی منیش بکە ، یا ئاوڕشتێنێکی منی قەڵبیش بکە کە وەك بەرد ڕەق و هیچ لەسەر نەڕواوم و لە گوناها ڕەش هەڵگەڕاوم .. نالی لەم شیعرەیدا بەتەواوی لە توانا و دەسەڵاتی یەزدان قوڵ ئەبێتەوە و دائەچێ .

لە کۆکردنەوەی ( سەنگی سبیەه ) و ( زەڕ )دا طیباق و ، لە بەکارهێنانی وشەی ( قەلب )دا کە بو دوو مەعنا دەست‌ئەدا لەطافەت و ، لە کۆکردنەوەی ( ڕەشە ) و ( رش )ی ( رش رشاشا )دا جیناسی ناتەواو هەیە .

(٦) شا : کورت‌کراوەی وشەی ( شاء )یە لەبەر کێشی شیعرەکە هەمزەکەی لابراوە .

واتە : کەس دەسەڵاتی کردنی هیچی نییە ، لە ڕێگای خواوە نەبێ . دەسەڵات هەمووی هەر هیی ئەوە و ( بۆ ) ئەو شتەیە کە خوا مەیلی لەسەر بوونی بێ ، یاخود ( بۆ ) خاوەنی ویستن و ئارەزوو نییە . بەپێی ئەم مەعنایە ( ما ) کە ئەبێ بە حەرفی نەفی .

(٧) نییەتی : نیازی . سیحری بەیان : وتەیەك ئەوەندە جوان بێ وەك سیحر خەڵك سەرسام بکا . حیکمەتی شیعر : شیعر و هەڵبەستی‌وا کە پڕ بێ لە مەعنا و زانست . ئەمما : بەڵام . قووەتی دڵ : هێزی دڵ . قودرەتی ئینشا : توانای وتن یا دروست کردن .

واتە : نالی کە دەستی داوەتە شیعر وتن ، نیازی وایە وتەی سیحراوی و شیعری بەتوێکڵ و مەعنا بڵێ .. بەڵام هێزی دڵ و توانای وتن یا داهێنانی نییە ، مەگەر خودا خۆی دەس بە بالیەوە بگرێ و یارمەتیی بدا .

لە نیوەی یەکەمی ئەم شیعرەدا ئیقتیباس لە فەرموودەی پێغەمبەر هەیە کە فەرموویەتی : « ان من الشعر لحكمة ، و ان من البيان لسحرا » . واتە : بەڕاستی لە هەندێ شیعرا مەعنای قوڵ و لە هەندێ پەخشانا

سەهم و نەصیبی ئەصلییە ، بەحەی گیاه و گوڵ نییە
تۆتنە خەرجی سۆتنە ، مۆدنە ماچی لەب دەکا (٤)

لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خوارییی ڕاستی دەوێ ؟!
غافڵی دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا (٥)

---

ئەمیان بە لای ئەبولەهەبدا ئەڕوا ، واتە ئەسوتێنرێ و دۆکەڵی بێ ئەکرێ .

نالی لەم بەیتەدا ئیشارەتی بە دوو ئایەتی « تبت یدا ابی‌لهب ... وامرأته حمالة الحطب » کردووە کە واتە : دەسەکانی ئەبولەهەب وشك بن .. ژنەکەشی کۆڵەدار هەڵئەگرێ بۆ ئازاردانی موسوڵمانان . لەناو ناوەکانی ئاگریشدا ناوی (ابولهب)ی هەڵبژاردووە و بەکاری‌هێناوە ، بۆئەوەی لە بەرابەری وشەی ( سوننەت )دا دابنێ چونکە سوننەت هی پێغەمبەرە و ئەبولەهەبیش دوژمنی پێغەمبەر بووە .

لە دوو نیوەی ئەم بەیتەدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە .

لە هەموو نوسخەکانی بەردەستمانا لەجیاتیی ( ئەوەم ) نوسراوە : ( ئەمەو ) . تەنها لە پەراوێزی نوسخەی ( چر )دا ئەبێ بە نوسخە نوسراوە : ( ئەوەم ) . ئێمە ئەمەمان لا پەسەند بۆ چونکە سەرچاوەی هەردو ئیشارەتەکە بە ڕێك‌وپێکی ئەڕوا و مەعناکە بێ پێچ و پەنا دێ .

(٤) سەهم و نەصیب : بەش و چارەنوس . گیاه : گیا ، سەوزە . خەرج : بەش . مۆدن : دار جگەرە .

واتە : چارەنوسی هەرکەس چی بێ هەر ئەوە دێتە ڕێی ، مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕیشە و بنەڕەتەوە نییە . ئەوەتە تۆتن کە مەبەستی ئەسڵیی جگەرەخۆرە ، بەشی سۆتانە ، ئەوەش دار جگەرەیە کە لە هۆیەکی جگەرەکێشان بەولاوە نییە ، بە شوێنێکی نازداری وەك لێوەوەیە و هەمیشە ماچی لێو ئەکا !

سەهم و نەصیبی ( چر ) و ( گم ) : قیسمەت و سەهمی .

(٥) لەومە : سەرزەنشت . خوارێ : ذەلیلێ . غافڵ : بێ‌ئاگا .

واتە : سەرزەنشتی گەردوون ئەکەی کەوا بۆچ کارێك ئەکا ڕاستێ هەر لەبنەوە بێ .. ئاگات لەوە نییە کە تەنانەت لە خۆیشتا دەستی ڕاستت خزمەتی دەستی چەپت ئەکا و مل‌کەچی ئەوە .. واتە : باری ژیان وایە ئالیستاش خراپە و درۆ لەسەرەوە بێ و چاکە و ڕاستێ بۆ سودی ئەوان هەڵسوڕێن ..

ویصالی بێ کەم و کەیفی حوضوری
لە « نالی » گەر دەپرسێ ، یەعنی ئاوا (٥)

— ١٦ —

پەچەیی پەرچەمی‌یو ، پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە کولمی تیا (١)

---

(٥) بێ کەم : بێ چەندیەتی . کەیف : چۆنیەتی . حوضور : هاتنە خزمەت .
واتە : ئەگەر باسی پێ‌گەیشتنی ، لە پێ‌گەیشتنی کەس نەچۆی بێ چەند و چۆنی یار ئەپرسێ لە نالی ، لە وەلاما ئەلێ ئا بەم‌جۆرە ئەبێ کە حەبیبە و چاوەکانم بەبەك گەیشتن .
ئەم شیعرەش هەر لەوانەیە بکرێ بە بەڵگە کەوا نالی و حەبیبە بەیەك‌نەگەیشتون .
کەیفی (گم) : کەیف و .

— ١٦ —

(١) پەچە : ڕۆپۆش . پەرچەم : قژی پێشی سەر . پرچ : زولف . سیا : ڕەش . تیا : تیایدا .
واتە : پەرچەم و پرچی ڕەشی یار کە بۆنەتە پەچە بەسەر ڕۆیەوە ، لەگەڵ کولمی جوان و ورشەداریا ئەڵێی شەوی مانگە شەوە ، شەوەکەی پەرچەم و پەچەکەیەتی و مانگەکەشی ڕووەکەیەتی .
نالی لەم شیعرەدا تەشبیهی مورەککەبی بەکارهێناوە ، شێوەیەکی تێکەڵاوی شوبهاندووە بە شێوەیەکی‌تر . هەروەها صەنعەتی ئیهامیشی بەکارهێناوە ، واتە شوێنە گومکێ پێ‌کردن . ئەوەتە شوبهاندنی پەچە و پەرچەمی ڕەش بە مانگە شەو شتێکی سەیرە بەڵام وشەی ( کولمی تیا ) مەسەلەکە ڕۆشن ئەکاتەوە .
لە وشەی ( پرچ ) و ( پەرچەم )دا جیناسی ناقیص و ، لە ( سیا ) و ( تیا )دا جیناسی موضاریع هەیە .
لە نوسخەی ( تۆ )دا لەسەر ئەم پارچە شیعرە نوسراوە : « در مدح نقاب کە بر سر نالی دیده ، گفته‌اند » واتە : لە تاریفی پەچەیەکدا فەرمۆیانە کە بە سەری ئافرەتێکیەوە دیوە . بە شیعری شەمشەمیشدا لەوە ئەچێ لە ئەستەمبوڵ وتبێتی ، چونکە هەر لە شارێکی‌وادا ئەگونجێ ئافرەتێکی‌وای دیبێ نەزانێ لە چ‌نەتەوەیەکە .

مۆ سونبولی ئاشوفته ، دوڕ دانەیی ناسوفته
دەم غونچەیی نەشگوفته ، بیفکرە کوڕە یا کچ ! (۹)

کوڕ ئایینەیی حوسنی ، تا وەك کچە ، مەنظوورە
گرتی کە غوباری مۆ چینێ کوڕ و مینا کچ (۱۰)

کوڕ تازەوو تەڕ ، مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە ، دیبا کوڕ و ، زیبا کچ (۱۱)

---

تاریکستانێ .

واتە : کوڕ مایەی جوانیی دەسگاکانی خوێندن و خوێندەواریـیـە .. کچیش بۆ ڕازاندنەوەی مالی دەرگا داخراوە .. بۆ بـەزم و ئاهەنـگ و تەماشا کوڕ ، چونکە ئەوسـا کوڕی ڕابواردن هەر بۆ پیاوان بووە .. بۆ بەسەربردنی تەنیایی شەویش کچان ..

لە کۆکردنەوەی ( دەبوستان ) و ( شەبوستان )دا جیناسی موضاریع هەیـە .

(۹) ئاشوفتە : تێکچوو . ناسوفتە : نەسمراو . نەشگوفتە : نەپشکووتو .
واتە: بیرکەرەوە بزانە کوڕ خاوەنی قژی تێکچوی وەك سونبولی ئالۆزاو و، دوڕی نەسمراو و ، دەمی وەك خونچەی نەپشکووتو بچوکە ، یـا کـچ ! دبـارە کچ !

(۱۰) مەنظوور : تەماشاکراو . مینا : شوشە . واتە : ئاوێنەی جوانیی ڕومەتی کوڕ تا وەك هیی کچ وایە و مۆی لێ نەهاتووە ، بۆ تەماشاکردن ئەشێ . بەلام کە تۆزی دێزی گەنەتۆکی لێ نیشت ، وەك قاپی فەخفوریی لێ دێ ، کەچێ کچ هەر بە شوشەییی خۆی ئەمێنێتەوە و هیچی لێ نایێ .
حوسنی (چن) و (گم) و (کم) : حوسنـە .

(۱۱) دیبا : پارچە قوماشی نەخش لەسەرکراو . زیبا : جوان .
واتە : ڕاستە کوڕ تا وەك خوشکی مۆی لـێ نەهاتبێ ، تـازە و تەڕ و باراوە ، بەلام کە شینایی گەنەتـۆکی لێ ڕوا ، ئەو مووەی لێیڕواوە ، ئەبێ بە نەخش و نیگاری دەستکرد بۆ دەم و چـاوی . کەچێ کچ بە جوانێ و قەشەنگیی سروشتکردی خۆی ئەمێنێتەوە .
لە کۆکردنەوەی (دیبـا) و (زیبـا)دا جیناسی موضاریع هەیـە .

لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە ، نە جەورە
ساقیِ کەرەمی سایقە ، « نالیِ » مەکە ئیلحاح (٧)

★ ★ ★

---

وەصفکردنی شەرابە ناخۆشەکەش بە ( نیل ) و ناوهێنانی کوپەکەی بە (خوم)دا ــ لەطافەت هەیە .

نیوە عەرەبییەکەی ئەم شیعرە لە نوسخەی ( مز )دا کوردییە و بەمجۆرەیە :

**تا پڕ بیِ دل و ڕۆحی ئەمن نیستا لە ئەفراح**

(٧) مینا : چەرخی گەردوِن . پیالەی شەراب . سایق : لیِخوڕی چەرخی گەردوِن ، خوا . بهیِن و بیەری پیالەی شەراب ، یار . ئیلحاح : بیِ بەزەویدا کوتان و سوِر بوِن لەسەر شتیِك .

واتە : چەرخی گەردوِن ، چوِن بوِ بنیادەم دیِتە پیِشەوە ، ستەم نییە و ، هەرکەس سەرەی خوِی هەیە و ، خوا خوِی ئەزانیِ چیِ ئەکا . کەرەمی لیِ خوِڕەکەی کە خوایە،شەرابی بە ئاوات گەیشتن ئەدا بە دەستی هەرکەسیِکەوە و ، سوِر بوِن و پیِ بەزەویدا کوتان داد نادا . یاخود یار خوِی ئەزانیِ کەی وەختی ئەوەیە دلی نەرم بیِ و ، پیالەی شەرابی بەئاوات گەیشتن بە توِیش بدا و ، پیِویست ناکا زوِری لەسەر بڕوِیت و ، لیِیگەڕیِ بوِ خوِی چیِئەکا با بیکا .

لە بەکخستنی ( دەورە ) و ( جەورە )دا جیناسی لاحیق و ، لەنیِوان ( ساقیِ ) و ( سایق )دا جیناسی قەلب هەیە .

مەکە ئیلحاح ( مم ) و ( گم ) : بکە ئینجاح. لەبەراوێزی (مم)دا مەعنای ئینجاح بە ( شادکردن ) و لە پەراوێزی ( گم )دا بە ( شاد ) لیِدراوەتەوە . دیارە ئەگەر بوِیان پیە ئەکەین هەردوکیان بە هەلەدا چوون .

ئەی مەسجید و میحرابگەهت قیبلەیی حاجات
بۆ ئەهلی موناجات !
مەحجوبی هەوام و ، ئەمەتە مەشهەدی مەعلوم
بۆ ڕاهی نەجاتم (٧)

ئەی مەطلەعی ئەنواری هەمو قاصی‌یو دانی
شەمسی صەمەدانی
وەك ذەڕڕەیی بێ‌جیلوە نە مەوجود و نە مەعدوم
جوییایی بەراتم (٨)

---

نیشتووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دڵ حستیبە ، سەیری دڵم بکە کە ئاوێنەی ڕووناکی و نوری تۆیە و تۆی تیا دەرئەکەوێ ، سەیری کە چەند پاك و خاوێنە و چەند جوان تۆی تیا دیاری .

لەنێوان (ئاوێنە) و (ڕوو) و ، (میرئات) و (جەلا)دا تەناسوب هەیە .
موغبەڕ ( عم ) : ئەغبەر .

(٧) مەسجید : مزگەوت . میحرابگەه : شوێنی میحراب . ئەو شوێنەی مزگەوت کە پێش نوێژی تیا ئەوەستێ . قیبلەیی حاجات : ئەو شوێنەی موحتاجان ڕووی تێ ئەکەن . موناجات : پاڕانەوە . مەحجوب : شەرمەزار . هەوا : ئارەزووی نەفس . مەشهەد : جێگەی کۆبوونەوەی خەڵك . ڕاه : ڕێگا .

واتە : ئەی ئەوکەسەی کە مزگەوت و میحرابت قیبلەی موحتاجانە و ، لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ‌ئەکەن و تیا ئەپاڕێنەوە لە خوا .. منیش یەکێکم لەوانە و شەرمەزاری ئارەزووی نەفسم ، هاتوومەتە ئێرە و ، ئێرە ئەو شوێنەیە ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازیی خۆمی لێوە ئەدۆزمەوە .

(٨) مەطلەع : ئەو شوێنەی خۆر و مانگی لێوە هەڵدێ . قاصی : دوور . دانی : نزیك . صەمەدانی : خوایی . بێ‌جیلوە : بێ‌مایە . جوییا : ئەوکەسەی بەدوای شتێکدا بگەڕێ . بەرات : خەڵات .

واتە : ئەی ئەوکەسەی ڕووناکی بۆ دوور و نزیك ، هەموو لای تۆوە هەڵدێت ! . ئەی خۆری خواکرد بۆ ڕۆشن‌کردنەوەی جیهان ! . منی نابوت وەك تۆزێکی بێ‌مایە و هیچ و پووچ دام لەبەر تیشکی خۆری تۆدا ،

سەراپا هەروەکو حەڵقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم
بە یەك یەك تیری موژگانی زرێ دۆزت برینداره (٨)

حەمایڵ کە دەمی تێغت لە حەڵقەی گەردنی « نالی »
مەگەر تێراو ببم بەو ڕەنگە، تینۆی ساعیدی یارم (٩)

---

بۆن، هەرکەس بهاناباتە ژێریان، واتە بۆ هەرکەسێ بڕوانییایە و بکەوتایەتە بەر ئیشارەتیان، بەختی ئەبڕا .. ئێستا کە سمێڵت بۆز کردووە، بەربەرەکانێی زوڵفی، وەك ئیمزای توغرایێ پێچپێچی، کجانی خوێنڕێژ ئەکا و، ئەڵێ دەسەڵاتی ئەو زوڵفانەم لە مەیدانا هەڵگرتووە و ئیتر زۆر زۆری منە. یاخود ئێستا ئەو دەورە نەك هەر برۆکانت نایبینن، زوڵفی وەك توغراشت نایبینێ .. لەوەتەی خەتی ژێر چەناکەت هاتووەتە ئاراوە حوکمی زوڵفیشتی هەڵوەشاندووەتەوە.

ئەم شیعرە دوو ئیستیعارەی موصەڕڕەحەی تیایە: (خەط) لە مەعنای خۆیەوە کە نووسینە، خوازراوە بۆ گەنمۆی سمێڵ، یا بۆ ئەو نەخشە ستوونییەی لەژێر لێوی خوارووەوە ئەکوترێ. (طوغرا)یش لە مەعنای خۆیەوە کە مۆری شاهانەیە، خوازراوە بۆ زوڵفی پێچپێچی کچان. ئیستیعارەکان لەوەوە دروستکراون کە جاران پادشاهان وابووە بۆ ڕاسپێریێك هەر مۆریکیان بە کاغەزا ناوە و، واشبووە کاغەزیان نووسیوە. دیارە کە کاغەزیان نووسیبێ لە مۆرە زۆتەکە ڕەواتر بووە.

سایەی سەری (عم): سایە لەسەر. وتی (عم) و (گم): گوتی. خونکارم (عب): خەطکارم.

(٨) زرێ: جۆرە کراسێکی کونکونی میتاڵی بووە جەنگاوەرانی کۆن لەبەریان کردووە لە لێدانی شیر و تیر پاراستوونی. پەروێزە: بێژنگ. زرێدوز: زرێسم.

واتە: بە نوکی تیری بژانگی زرێ سمت برینداربووم، سەرتاپای لەشم وەك بێژنگی لێ هاتووە خوێن دائەدا.

بە یەك یەك (چن) و (کم) و (ك) و (اح) و (من): بە بەیکی. (گم): بە نوکی.

(٩) حەمایڵ: لەوەی ڕاست و چەپ لە مل کرابێ وەك فیشەکدانغ و شمشێر و شتیوا یا دوعای لەکیفگیراو. ساعید: باسك.

واتە: دەمی تێغت ڕاست و چەپ بدە لە گەردنم با باش ببڕێ و

— ١١ —

وەی کە ڕۆژەردی مەدینە و ڕۆسیاهی مەککە خۆم !
دەرکراو و دەربەدەر ، یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم (١)

---

خواردن ئەژین . من یەکێکم لەوانە ، بەڵام تەنها بە خواردنی خەمی خۆم داناکەوم ، خەمی خەڵکی‌کەش ئەخۆم ، چونکە (خەم) ئەڵێ ئەگەر نالی خەمم نەخوا و بەتەنگمەوە نەبێت و ، هەمۆم ئەگرێتە ئەستۆی خۆی ، ناچار ئەبم دنیا هەمۆ بکرمەوە و هەمۆ ئەم خەڵکە بخۆم و گشتیان لەناوبەرم . بۆیە من خۆم ئەکەم بەقوربانیی ئەم خەڵکە و سەربەرشتیی خەم ئەکەم تا ئەم خەڵکە لە خوران ڕزگار بکەم ، چش کە خۆیشمی تیا بچم .

لەنێوان (هەم) و (غەم)دا جیناسی موضاریع و ، لە (خۆم) و (دەخۆم)دا جیناسی ناقیص هەیە .

دەڵێ (کم) و (من) : ئەڵێ . غەمخواریم (عب) : غەمخوارێ . نەکا (ت) : نەکەی . ناعیلاجم (چر) و (مز) و (عب) و (خا) : بێ‌عیلاجم .

— ١١ —

ئەم پارچە شیعرە بۆ لێکۆڵینەوەی باری دەرۆن و جۆری بیرکردنەوەی نالی بایەیەکی تایبەتیی هەیە . دیارە پاش دەرچۆنی لە کوردستان ، لە مەککە لەکاتی ماڵاوایی چۆندا بۆ ئەستەمۆل وتویەتی . هەندێ نیشانەی ئەوەی تێدایە کە نالی لە مەیدانی بیری ئایینیدا پیاوێکی (دیمەن پەرست) نەبوە . نالی لەم پارچە شیعرەیدا بەئاشکرا ئەوە دەرئەخا کە دۆری و نزیکی لە ماڵی خوا لە خۆیدا هیچ نییە و کار لەسەر (نیاز) بەندە و ، گوناە بە (ئاوی زەمزەم) داناشۆردێ .. بێزاریی خۆی لەوە دەرئەبڕێ کە بنیادەم بە خێر و حەسەناتی ئەم و ئەو بژێ و کاتی بە بێ‌کار و کاسبی بەرێتەسەر و ، ئەوە بە شایانی خۆی نازانێ . وای بێ جاترە تەنانەت لە خاکی ڕۆمدا گولۆجنێ بکا ، تا ئەوە کە بە بەروبۆمی وەقفی پیاوچاکان بژێ لە مەککە .. لای شۆرەییە پێشەی بنیادەم هەر خواردن و نۆستن بێ و بەرهەمێکی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵ لێ نەوەشێتەوە.

هەروەها بە بەراوردی ئەم پارچە شیعرەدا لەگەڵ ئەوی‌کەی کە پێشتر بڵاومان کردەوە و لە مەدینە وتبۆی و سەرەتاکەی ئەوەبۆ : « ئەی تازە

# تیپی نوّن

— ١ —

کە توّی قیبلە ، دەمت سا بێنە ، قوربان !
لەسەر قوبلە دلم مەشکێنە ، قوربان ! (١)

وەرە بنوارە دوّ دەستی حەنایيم
حەنایی چیّ ؟ هەموّ خوّ خوێنە قوربان ! (٢) *

— ١ —

(١) قیبلە : مالی خوا لە مەککە کە موسولمانان پێنج فەرزە ڕوّژی ڕیّ ئەکەن . قوبلە . ماچ .

واتە : قوربان ! مادەم توّ قیبلەی منی و من هەمیشە ڕوّم لە تویە ، دەسا ماچێکم بدەریّ و بە نەدانی ئەو ماچە دلم مەشکێنە .

نالیّ کە لەم بەیتەدا یاری شوبهاندووە بە مالی قیبلە ، دیارە دەمیشی شوبهاندووە بە (حجر الاسود) کە بەردێکە لە دیواری کەعبەدا ، خەلکیّ لە سەردەمی حەجدا بوّ پیروّزیّ ماچی ئەکەن .

لەنێوان (قیبلە) و (قوبلە)دا جیناسی موحەڕڕەف هەیە .

کە توّی قیبلە (عم) و (کم) و (گم) و (من) : کە توّ قیبلەی . (ت) : کە توّی قیبلەم . لەسەر قوبلە (عم) : لەبوّ قوبلەی . دیارە لە ئەسلدا (لە بوّ قوبلیّ = قوبلەیەك) بووە .

(٢) حەنایی : خەناوی ، گیراوە خەنە .

واتە : قوربان وەرە سەیری دەستەکانم بکە کە ئەلێی گرتوّمنەتە خەنە .. بەلام خەنەی چیّ ؟ لە خەنەم نەگرتوّن . بوّیە سوّرن چونکە خوێنیان پێوەیە ، ئەوەندەت بە تیری خوّشەویستیّ بریندار کردوّم ، دەس بوّ هەر کوێی گیانم ئەبەم هەر خوێنە ، بوّیە دەستم خوێناویە .

* بە بڕوای من خەناوی هەم لە بار وەزنی شیٚعر و لە باری جوانی وشەوە باشترە . ڕاستە نالی وشەی بێگانەی زوّر لە شیٚعر دا هەیە بەلاّم لە بەکاربردنی ئەو وشانەی لە کوردی دا گوّڕاوە باکی نەبوە .

نەباتاتی زەویێ وەك موتزەویێ هاتونەدەر ، یەعنی
هەموێ سەرخۆش و مەست و ڕۆژپەرست و عاشقی ڕوێن (٢)

دابنێ . فیتنە : مایەی نەگبەتی و خراپە . عیلاقە : ئەوەی بە شتێکدا هەڵواسرابێ . جادوێ : سیحرباز . گۆشە : سوێچ . گۆشەوارە : گوارە . نائیب : جێنشین . هاروێت و ماروێت : دوێ فریشتە بوون ، ناو و باسیان لە قورئانیشدا هاتووە ، خەڵکیان فێری سیحر کردووە ، پاشان خوا غەزەبی لێ گرتوێن لە بیرێکا لە (بابل) سەرەوخوار هەڵواسیون و تا ڕۆژی قیامەت هەروا ئەمێننەوە و هەمیشە لینوێیانە ، بەڵام هەرچی ئەکەن دەمیان ناگاتە ئاوی بنی بیرەکە ...

واتە : بەدکار و خوێهەڵپەسێن مایەی خراپە و بەدین لەنێوان من و توێدا و بە چاوی ئەفسوێناویتدا هەڵواسراون ناهێڵن من ببینی و ، لە سوێچی گوارەی گوێتدا شوێڕکراونەتەوە ، جێگای هاروێت و ماروێتیان گرتووەتەوە ، ناهێڵن گوێت لە من بێ .

وەك دیمان نالی ئەم شیعرەی لە ڕازی هاروێت و ماروێت وەرگرتووە و تەنانەت وشەی (فیتنە)شی لە ئایەتەکە ئیقتیباس کردووە. نالی ویستوێیە بڵێ وەك چوێن هاروێت و ماروێت لەناو چاڵەکەدا سەر بەرەوخوار هەڵواسراون ، ڕەقیب و موددەعیش هەروا لە بەرچاوی توێدا هەڵواسراون و ، چوێن ئەوان سوێچێکی چاڵەکەیان گرتووە ، ئەمانیش سوێچی گوارەی گوێتیان گرتووە و ، وەك چوێن ئەوان مایەی فیتنە و خراپە بوێن بوێ خەڵك ، ئەمانیش بوێ من و توێ بوون بە مایەی فیتنە و خراپە و ناهێڵن بتبینم و گوێم لێت بێ . دیارە بوێ تەواوکردنی تەشبیهەکە کەڵکی لەوەش وەرگرتووە کە چاو و گوێ بەدیمەن لە چاڵ ئەچن و چاو لە شەفافییەتەکەیدا لە ئاو ئەچێ . هەروا ئەوەشی ڕەچاو کردووە کە وەك چوێن هاروێت و ماروێت هەرگیز دەمیان ناگاتە ئاوەکە ، ئەمانیش ناتوانن بگەنە ناخی چاو و گوێی یار و ، خوێیان بخەنە دڵیەوە .

(٢) نەباتات : گژوگیا . موتزەویێ : گوێشەگیر و کەنارەنشین . ڕوێژ پەرست : گوڵە بە ڕوێژە . ڕوێت : ڕوێمەتت .

واتە : جاران کە توێ دیار نەبوێی ، گوڵ و شینایێ لەژێر زەویدا گوێشەگیر بوێن ، بەڵام کە توێ هەڵهاتی ، هەموێ لە عەشقی ڕوێی توێدا مەست و سەرخوێش بوێن و ، جێی خوێیان بەجێهێشت و هاتنەدەر و ، ئیستا هەموێ وەك گوڵە ڕوێژگار پەرست ڕوێیان لە توێیە . نالی لەم بەیتەدا ئیشارەتی بە پەیوەندی دەرهاتنی گوڵ و گژوگیا کردووە بە خوێرەوە . ڕوێژپەرست و (چر) و (ت) و (عب) : ڕوێژپەرستی .

شاهیدی عەدله و وەفا ، مەعدەنی صیدقە و صەفا
هاتووە دەرمانی بکا قەلبی برینداری من (٧)

ئەی تەلەفی گفتوگۆ ، جامیعی کیذب و درۆ
واعیظییە ئیشی تۆ ، عاشقییە کاری من (٨)

مەشرەبی « نالی » گەلێ ئابی‌یو ترشە ، بەلێ
موعتەریفە خۆی دەلێ : چا نییە ئەطواری من (٩)

---

ئەفکار (ت) و (مز) و (عب) و (اح) و (خب) : ئەفکار . بەم‌پێیە مەعناکەی وای‌لێ‌دێتەوە : سینەی پڕ لە بیر و خەیالی من .

(٧) شاهید : یار . عەدل : عادل ، بەداد . وەفا : بەوەفا . مەعدەن : کان . صیدق : ڕاستێ . صەفا : خاوێنێ و پوختەیێ . قەلب : دڵ .

لەم بەیتەدا نالی باسی هاتنەجێی ئەو داوایە ئەکا کە لە بەیتی پێشوودا کردی .

لە وشەی (شاهید)دا تەورییە هەیە چونکە هەم مەعنای شایەتی دادگا و هەم مەعنای یاریش ئەگەیەنێ . بەڵام کۆکردنەوەی لەگەڵ ( عەدل و وەفا )دا پڕە لە جوانکاریێ ، چونکە (عەدل) لەگەڵ مەعنا دوورەکەی و ( وەفا )یش لەگەڵ مەعنا نزیکەکەی ئەگونجێ .

(٨) تەلەف : فەوتاو .

لەم بەیتەدا نالی باری قسە وەرئەچەرخێنێ و ڕووی دەمی ئەکاتە ئەوەی لۆمەی دلداران ئەکا و پێی‌ئەلێ : ئەی ئەوکەسەی کە فەوتاوی دەستی زۆربلێییت و چەند جۆرە دەلەسەت لە خۆتدا کۆکردووەتەوە ، دەست لە یەخەم بکەرەوە و دەست بەردارم بە ، من و تۆ ناگەوینە یەك ، من عاشقم و ڕاست و ڕەوان و ، درۆ لای من باوی نییە و ، تۆیش کار و پیشەت هەر ئامۆژگاریێ کردنە بێ‌ئەوەی خۆت بەگوێرەی قسەکانی خۆت بجۆلێیتەوە و ، بۆیە هەرگیز ناگەینە یەك و لە یەکتریێ حالێ نابین .

ئیشی تۆ (مز) : کاری تۆ .

(٩) مەشرەب : خۆ و ڕەوشت . ئابێ : وەك بەی (بەهێ) . موعتەریف : کەسێ دان بە شتێکا بنێ . چا : چاك . ئەطوار : جەمعی طەورە ، واتە: خۆ و ڕەوشت .

تا پێ نەکەنێ گوڵ بە دەمی بادی صەباوە ،
ئەمگوت : کە شەوێ بولبولی بێچارە حەقی بوٚ (٦)

« نالی » لە هەوا کەوتە سەما ، بوٚ بە شەناوەر
بەو وشکە مەلە بیمی هیلاکی غەرەقی بوٚ (٧)

---

نەئەکردوەوە . هەروەها نەرگس خوٚی چاوی سپییە . بەلاّم نالی ئەیەوێ بڵێ لە چاوەڕوانیی توٚدا چاوی سپێ بووە . ئەوەش بزانین کە چاو سپێ بوٚن کینایەیە لـە مردن یا کوێر بوٚن . لە لایەکی کەشەوە نیسبەتدانی ( چەقین ) بوٚ لای ( دیدە ) زیادەڕەوییەکی زوٚر جوانە بوٚ گەیاندنی مەعنای چاوەڕوانی .

وشەی ( نەرگس ) هەم فاعیلی ( مونتەظیر ) و هـەم فاعیلی ( چاوی سپێ بوٚ )یشە ، واتە هەرای لەسەرە لەنێوان ئەو دوٚ فیعلەدا .

(٦) واتە : کە سەر لە بەیانێ دیم گوڵ بەدەم سروەی بای بەیانییەوە پێکەنێ و دەمی کردەوە و پشکوٚت ، بوٚمدەرکەوت بولبول حەقی بووە شەو ئەوەندە بەکوڵ نالاندوٚیە ، چونکە بولبول لە هەرچییتر عاشقترە بە گوڵ ، کەچێ گوڵ هیچ گوێ نادا بە بولبول و بەدەم بای بەیانیانەوە پێ ئەکەنێ ، کە ئەبوٚ بەدەم بولبولەوە پێ بکەنیبایە .

پێکەنینی گوڵ بەدەم باوە مەجازی عەقلییە .

نالی بیری ئەم بەیتەی لە شوێنی تریشدا وتووەتەوە .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشەوەی تەنها لـە (چر) و (عم) و (کم) و (گم) و (من)دا هـەن .

(٧) هەوا : خوٚشەویستێ . ئاسمان . سـەما : ئاسـمان . سەماکردن . شەناوەر : مەلەوان . وشکەمەلە : مەلە لە شوێنی بێ ئاوا . بیم : ترس . غەرەق : خنکـان .

واتە : نالی لە خوٚشیی دڵداریدا فڕێ بوٚ ئاسـمان ، یاخود بەئاسمانەوە کەوتە سـەماکردن و ، لەو بوٚشاییەدا بوٚ بە مەلەوان و ، لەگەڵ ئەوەشدا کە شوێنەکەی ئاوی تیا نەبوٚ ، لەخوٚیەوە وشکە مەلـەی ئەکرد ، کەچێ ترسیشی لێ نیشتبوٚ بخنکێ !

لە هەوا (کم) و (گم) و (من) : بە هەوەس . (عب) : بە هەوا . بوٚ بـە (اح) و ( « پەراوێزی » خا ) : بوٚیە . بەو (چن) : لەو . هیلاکی (چن) و (کم) و (گم) و (ك) و (مز) و (عب) و (من) : هیلاك و .

لەو کێشە کێشەدایە کەوا ڕەش سپی دەبێ
لەو کێشە کێشەدایە کەوا ئەحمەر ئەصفەرە (٦٢)

ئەعمالمان لەگەڵ هەمو ئەوضاعی حاڵمان
مەغشوش و جەمعی ، حاضرە ، گەر خەیر ، ئەگەر شەڕە (٦٣)

مەخزونی ڕوقعە ، حەبە بە حەبە ، لە کەففەدا
خالیص دیارە ، مس کە مسە ، عەینی زەڕ زەڕە (٦٤)

---

(٦٢) ئەحمەر : سور . ئەصفەر : زەرد .
وانە : لەو کێشە و هەرای ڕۆژی داوەرییەدا موی ڕەشی لاو سپی ئەبێ و ، ڕوی گەش و سور و پاراو لەترسانا زەرد هەڵئەگەڕێ و خوێنی تیا نامێنێ .
ئەشگونجێ مەعنای بەیتەکە وا لێکبدەینەوە کەوا شتی نەزانراو هەمو دەرئەکەوێ و ڕوشن ئەبێتەوە و ئەوەی خۆی لێ بایێ بوبو و بە خۆیا ئەنازی خەجالەت و ڕوزەرد ئەبێ .
بەپێی مەعنای پێشو ، ئەم بەیتە ئیشارەتە بە ئایەتی ( يَوْمًا يَجْعَلُ الوِلْدانَ شِيبًا ) وانە : ڕۆژێکە منداڵی تازە پێکەیشتو پیر ئەکا .
ڕەش (چر) و (چن) و (ت) و (ك) و (اح) و (خا) : ڕیش . دەبێ (كم) و (مـن) : ئەبێ .
(٦٣) مەغشوش : تێکەڵ لە چاك و خراپ . جەمع : کۆمەڵ . حاضر : ئامادە .
وانە : چاك و خراپ و ، تێکەڵ و کۆمەڵی کردار و ئەحوالمان ، هەمو لە بەردەستا دانراوە .
مەغشوش و (خا) : مەغشوشی . (من) : مەغشوش . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش دەستئەدا . («پەراوێزی» چر) : مەخشوشی . (چن) و (ك) و (لو) و (عب) : مەخشوش و . (اح) : مەخشوش . بۆ عەطفیش و بۆ ئیضافەش ئەگونجێ. جەمعی : تەنها («پەراوێزی» چر). نوسخەکانی‌تر هەمو : جەمع و . حاضرە («پەراوێزی» چر) : خاطرە . گەر (چن) و (ك) و (لو) و (اح) : ئەگەر . خەیر ، ئەگەر (ت) : خەیر و گەر . کەففە : تای تەرازو . خالیص : بێ‌گەرد .
(٦٤) مەخزون : خراوە عەمار . نوسراوە . ڕوقعە : کاغەز . حەببە : دەنك . کەففە : تای تەرازو . خالیص : بێ‌گەرد .

دەفەرمۆی : چاوەکەت زەنجیر کە « نالی » !
کە موطڵەق چا نییە ئینسانی هەرزە (٥)

— ٩ —

( حلقه در گوش )ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە
با نەنالێ ، لێیمەدە ( عَنْ لَطْمِهِ کَفُّ الْکَفَّه ) ! (١)

---

هێزی دەست و بازۆی خۆت دڵی ئەم ڕاوچییەی خۆت هێنایە لەرزە و بەخسیرت کردم .

لەنێوان ( ئاهێ ) و ( باهێ )دا جیناسی لاحیق و ، لە ( ئاهێ ) و ( صەییاد )یشدا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە .

(٥) موطڵەق : بەرەڵڵا . چا : چاك . ئینسان : بنیادەم . بیبیلەی چاو . هەرزە : ئەوەی باش پەروەردەی دانەدرابێ .

واتە : ئازیز ! تۆ پێم ئەفەرمۆی چاوت وەك ئینسانێکی هەرزە وایە یا بیبیلەی چاوت وەك کەسێکی هەرزە و بێتەربییەت وایە ، بەرەڵڵا کرابێ و کەس لێی نەپرسێتەوە چێ ئەکا . بۆیە کەوتووەتە دوێ من و هەر تەماشای من ئەکا . بیبەستەرەوە و مەهێڵە دوام بکەوێ ، چونکە باش نییە ئینسانی هەرزە ، یا چاوی هەرزە بەرەڵڵا بکرێ و جڵەوی بۆ شۆڕ بکرێ .

لەنێوان (چاوە) و (چاو)دا جیناسی ناقیص و ، لەنێوان (زەنجیر) و ( موطڵەق )دا طیباق و ، لە ( زەنجیر کردنی چاو )دا ئیستیعارەی موصەڕڕەحە هەیە . لە (ئینسان)یشدا لەطافەت هەیە چونکە ، وەك ڕۆنمان کردەوە ، دوو مەعنا ئەگەیەنێ . تێکڕا لە دوا وشەی هەر پێنج بەیتەکەشدا ( لەرزە ، بەرزە ، تەرزە ، شەرزە ، هەرزە ) جیناسی لاحیق هەیە .

دەفەرمۆی : هەڵێنی ئەگرێ ( دەفەرموێ ) بێ . (هم) و (کم) و (گم) و (من) : دەفەرمێ .

— ٩ —

(١) حلقه در گوش : ڕستەیەکی فارسییە ، واتە : ئەڵقە لەگوێ ، کینایەیە لە بەندە و خزمەتکار . زیاد لەو مەعنای کینایەیە ، کەللەی دەف خۆیشی کۆمەڵێك ئەڵقەی پێوەیە . کَفّه : کەففە ، کَفّ ، کەف ، لەپی دەست .

شوعاعی ڕۆت لە گەردنندا دیارە دڵ دەسوتێنێ
بنازم بەم تەجەللایە ، چ خورشید و بلوڕێکە ! (٣)

لە خەڵوەت هاتەدەر صوفێ ، گڵ و بەردی بەسەرما دا
مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە ، ئەویش تازە غورقوڕێکە (٤)

---

سەخت و گەردەنکەش بێ ، هەرچۆن بێ بە سۆك سەیری مەکە ، بەخۆڕایێ و بێ هۆ نەسوتاوە ، هۆی سوتانی ئەوەیە ئەمیش ، وەك چۆن کێوی طوور کەوتە بەر تەجەللای نوری خوا و سوتا ، کەوتووەتە بەر گڕی ئاگری عەشق . بۆیە دڵی منیش لەجیاتیی ئەوەی بە چاوی سۆك سەیری بکرێ ، شایانی ئەوەیە وەك کلەی کێوی طوور چاوی پێ بڕێژرێ .

لە نیوەی دۆهەمی ئەم بەیتەدا حوسنی تەعلیل هەیە .

شاخە (عم) و (گم) : سوتا . مەنوازێ (عم) و (کم) و (گم) و (من) : مەنوازە .

(٣) شوعاع : تیشك .

واتە : تیشکی هەتاوی ڕۆت کە لە ئاوێنەی گەردنی وەك بلوورتا ئەدرەوشێتەوە ، دڵی دڵداران ئەسوتێنێ . ماشەڵڵا لەم جوانییە ! ڕۆمەتت خۆرێکی چەند پرشنگدارە و گەردنت بلوڕێکی چەند بێ گەردە ..

هێنانی (خورشید) و (بلوڕ) بەدوای (ڕۆ) و (گەردن)دا لەف و نەشری مورەتتەبە ، چونکە (خورشید) بۆ (ڕۆ) و (بلوڕ)یش بۆ (گەردن) ئەگەڕێتەوە .

ڕۆت (چر) و (عب) : ڕۆی . دەسوتێنێ (کم) و (من) : ئەسوتێنێ .

(٤) خەڵوەت : گۆشەگیریی صوفییانە کە ماوەیەك لە ژوورێکدا ئەمێننەوە و ناچنە دەرەوە . ئەوە جۆرە خواپەرستییەکی صوفییانە . گڵ و بەرد : وادیارە مەبەست لێی ئەو گلمتك و بەردانەیە کە صوفی لەکاتی (خەتمە)دا لەجیاتیی تەزبێح بەدەستیەوە ئەگرن .

واتە : صوفیی بەدیمەن دەست لە دنیا هەڵگرتو ، لە خەڵوەت خانەکەی هاتەدەر و گڵ و بەردەکەی دەستی دا بە سەرما و بە سۆك سەیری کردم .. لێیمەگرن واڵەکا ، تازە لە خەڵوەت هاتووەتەدەر ، خۆی لێ بایێ بووە ، واڵەزانێ ئەم دنیا لە خۆی بەولاوە کەسی تیا نییە و هەمۆ کەسێکی تری لا هیچە .

خەڵوەت (ت) و (ك) و (اح) : خەڵوە . صوفێ (چر) و (چن) و (عم) و

غەمی چاوت لە چاومدا ، هەمی قەددت لە سینەمدا
لەبەر سستی و ضەعیفی ئەو خەویکە ، ئەم خوطوریکە ! (٥)

بە ظاهیر شادمانیمە لەبەر کەتمی هەمو دەردان
کە « نالی » گەر بنالینێ ئەمیش نەشئە و سورووریکە (٦)

---

(کم) و (گم) و (عب) و (من) : زاهید . خەلوە (ت) : خەلوەت . ئەویش (چر) و (عم) و (کم) و (عب) و (من) : ئەمیش . (گم) : ئەمەش .

(٥) هەم : خەم . خوطور : خەیاڵ .

واتە : خەم و خەفەتی دووریی چاوت لە چاوما نیگای کێشراوە و ، دەردی دووریی باڵات لە سینەمدایە . ئەمە ئەختێ دڵم زەحمەت ئەکات ، چونکە وردەیەك پەیوەندم لەگەڵت پێ پەیدا ئەکا . بەڵام چەرخی ڕۆژگار ئەوەشم پێ ڕەوا نابینێ . ئەوەتە لەبەر سستیی دڵ و بێ هێزیی چاوم خەمی چاوەکەت وەك خەو بینین و دەردی دڵەکەت وەك خەیاڵێکیان لێ هاتووە لام و ، بەشی ئەوە ناکەن پێیان بحەسێمەوە .

لە نیوە بەیتی دووەمدا ( سستی ) بۆ (دڵ) و (ضەعیفی) بۆ (چاو) ئەگەڕێتەوە و لەف و نەشری موشەووەشە . بەڵام (ئەو خەویکە) بۆ (غەمی چاو) و (ئەم خوطوریکە) بۆ (هەمی قەددت) ئەگەڕێتەوە و لەف و نەشری مورەتتەبە . لە کۆکردنەوەی (چاوت) و (چاوم)دا موقابەلە و جیناسی لاحیق و ، لە کۆکردنەوەی (چاو) و (قەد) و (سینە) و (خەم) و (خوطورە)دا تەناسوب هەیە .

لە چاومدا ، هەمی قەددت (کم) و (گم) و (من) : لە چاومدایە هیی قەددت . (مز) : لە چاومدا هەمی عەشقت .

(٦) واتە : من لەبەرئەوەی هەرچی خەم و پەژارە و دەردمە هەموی ئەخۆمەوە و هیچی دەرنابڕم ، وا دێمە پێش چاوی خەڵك کە شادمان بم ، کەچی ناخی دەروونم پڕە لە مەینەت و ئازار . ئەمەش جۆرە ئەگبەتییەکە کە ناتوانم بناڵێنم ، چونکە ئەگەر بێت و بتوانم بناڵێنم ، ناڵینەکەم ئەبێتە جۆرە شایی و خۆشییەك و کەمێك ئازارمی پێ سوك ئەبێ . بەڵام کوا ؟!

لە کۆکردنەوەی (ظاهیر) و (کەتم)دا طیباق هەیە . وشەی (هەمو)یش هەڵئەگرێ (هەمو)ی بە مەعنا (گشت) بێ یا (هەم و ) بێ واتە (هەم)ی بەمەعنا خەم لەگەڵ ( و )ی عەطف . کەواتە لە (هەمو دەردان)دا لەطافەت

شەقاوەت بۆ بە دۆد و داخیلی کورەی ضەلالەت بۆ
ئەمارەت خوسری خوسرەو ، کەسری کیسرا ، شەققی ئەیوانە (٤٨)

★ ★ ★

---

واتە : لەوڕۆژەوە کە پێغەمبەر هاتووە ، بەختیاری بووە بە ڕۆشناییەك و چووەتە سەر چلەبۆیەی ڕێنموێنی . مەبەست لەوەیە هەرکەس خوا هیدایەتی نەدا و شارەزای ڕێگای ڕاست نەبێ ، بەختەوەری ڕووی تێناکا . بەلگەی ڕاستیی ئەم قسەیەش موسولمان بوون و بەختەوەریی بیلالی حەبەشی و وەیسی قەرەنی و سەلمانی فارسییە ، کە لەگەل ئەوەشدا خەلکی مەککە و مەدینە نەبوون و تەنانەت عەرەبیش نەبوون ، بەهۆی ئیسلام بۆنیانەوە ئەوەندە بەختیار بوون ، بوون بەو پیاوە پایە بلندانەی لە مێژووی ئیسلاما ناویان دەرکرد .

نوور و (عم) و (کم) و (من) : نووری . (ت) و (اح) : نوور . ئەمیش هەر ( نوور و )وە . (خا) : نووری . صاعیدی (چر) و (چن) و (عب) و (اح) : صاعید . ئەمیش هەر (صاعیدی)یە . (عم) و (کم) و (من) و (ت) : صاعید و . ذەرووەی (چر) و (چن) و (عب) : دەرووەی . ئەمیش هەر (ذەرووەی)ە . ئیمانی (چن) و (عم) و (کم) و (من) : ئیمان . ئەمیش هەر (ئیمانی)یە . (ت) و (اح) و («پەراوێزی» خا) : ئیمانە .

ئەم بەیتە لە (گم)دا نییە .

(٤٨) شەقاوەت : بەدبەختی . دۆد : دۆکەل . ضەلالەت : گومڕایی . ئەمارەت : نیشانە . خوسر : زیان لێ‌کەوتن . خوسرەو : خوسرەوی پەروێزی پادشای ساسانی . کەسر : شکان . کیسرا نازناوی پادشاکانی ساسانییە . شەق : درز تێ‌بوون . ئەیوان : هەیوان و تاقی کیسرا .

واتە : بەدبەختیش بۆ بە دۆکەلی ڕەش و چووە کورەی گومڕاییەوە . ئیتر لەوڕۆژەوە هەرکەس ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتی نەگرێ هەر ماڵوێرانیی بۆ ئەمێنێتەوە . نیشانەی ڕاستیی ئەم قسەیەش ئەوەتە کە لەگەل لەدایکبوونی پێغەمبەردا ( د. خ ) تاقی کیسرا درزی تێ‌بوو . خوسرەوی پەروێزیش کە ئایینی ئیسلامی پەسەند نەکرد ، لەسەر دەستی شێرۆیەی کوڕیدا کوژرا و ، کیسرا شکا .

نیوەی دووەمی ئەم بەیتە لە (کم) و (گم) و (من)دا بەمجۆرەیە :

**شەقاوەت «نالی» ، وەك دۆکەل بە کورەی گومڕەهیدا چۆ**

بۆ مەمك « نالی » چ مندالانە وەی وەی کردووە
گەرچی مۆی وەك شیرە ، بەو شیرە شکۆفەی کردووە (٥)

خۆش بە هەردۆ دەست و دەم گرتـوویە ئۆخەی کردووە
کیذب و تومەت ، ئیفتیرا و بوهتان کە تۆبەی کردووە (٦)

---

(خب)دا چوارەم و ، لە (کم) و (گم) و (من) و (تو) و (عب)دا دۆهەمە .

(٥) واتە : بڕوانە بۆ نالی چون وەك مندال بۆ مەمکی یار ئەگری و کەوتووەتە هاوار هاوار .. هەرچەند پیریش بووە و مۆی وەك شیر سپی بووە ، بەو شیرەی مەمکی یار هەلالەی کردووە و پێکەیشتووە .

ئێمە وای بۆ ئەچین وشەی (بەو) بە (بۆو) بخوێنرێتەوە واتە (بۆ ئەو) و مەعنای بەیتەکە وای لێبێتەوە : بۆ ئەو شیرە منال بووەتەوە و کەوتووەتەوە گڕ و گاڵ و وەك درەختی بەهاران هەلالەی کردووە .

دوریش نییە مەبەستی لە (شکۆفە کردن) سپی بۆنی ڕیشی بێ و بلێ ئەو سپیەتییە لەئەنجامی سپیەتیی شیری مەمکی یارەوەیە .

وەی وەی (چر) و (عب) : وای وای . بەو (چر) و (کم) و (گم) و (تو) و (عب) و (خب) : لەو .

(٦) خۆش : زۆر باش . تومەت ، ئیفتیرا : بوختان .

واتە : سەیری نالی کە چەند چاك بە هەردۆ دەست و بە دەم مەمکی یاری گرتووە و لە خۆشییاندا هەر ( ئۆخەی .. ئۆخەی ! )بەتی .. درۆ و بۆختانە ئەلێن تۆبەی کردووە و دەستی لە مەمکی یار هەلگرتووە . شتیوا ڕاست نییە و دلداری ڕاستەقینەی وەك نالی هەرگیز تۆبەی پێ ناکری .

بوهتان ( گم ) : بوختان .

ئەم بەیتە و بەیتی پێشوو تەنها بەگوێرەی (عب) بەرودوا بەیتی پێنجەم و شەشەمن . ئەگینا لە هەمو نوسخەکانی‌تردا ؛ لە (چر)دا نەبێ ، لە جێی یەکتردان . ئێمە شێوەی نوسخەی (عب)مان پەسەند کرد چونکە بەیتی نوسخەکانی‌تر مەرجەعی ضەمیری ( کردووە )کانی بەیتی پێشوو دیار نەئەبو کە ئەوەش دروست نییە . لە نوسخەی (چر)دا نیوەی یەکەمی بەیتی پێنجەم و نیوەی دۆهەمی بەیتی شەشەم کراون بە بەیتی پێنجەم و ، نیوەی یەکەمی بەیتی شەشەم و نیوەی دۆهەمی بەیتی پێنجەم کراون بە بەیتی شەشەم . لە پەراوێزیشدا بە فارسی نوسراوە « در نسخەء قدیمە

بیده به دڵم ، شیفته بۆ شیفته چاکه ..
بیخه ملم ، ئەو قەیدە بە دێوانە ڕەوایە .. (٢)

ئەو خاکی دەرە مەسکەنی صەد ساڵەمە ، شایەد
جارێ لە دەمی تۆ بییەم : « سەگ بەوەفایە » (٣)

زوڵفت سەبەبە ، دڵ بە عوذارت کە دەسوتێ
سوچێ شەوە وا قایلی پەروانە چرایە (٤)

---

پێچش و . بەپێی ئەم نوسخانە ئەبێ (تابێکی)یش بە (تابێکی) بخوێنینەوە وەك لە (گم) و (من)دا نوسراوە . (کم) : تابێکە .

(٢) شیفته : شێواو . ئاڵۆز . قەید . کۆت . ڕەوا : شایان .

واتە : ئەو زوڵفە شێواوەت بیەخشە بە دڵم ، چونکە ئەو شێواوە و دڵی منیش شێواو و ، شێواو بۆ شێواو چاکە .. ئەو زوڵفە وەك کۆت و زنجیرەت بخەرە ملم چونکە من دێوانە و شێتی تۆم و دێوانە و شێتیش شایانی ئەوەن کۆت و زنجیریان لە مل بکرێ .

طیباقێکی مەعنەویی ناسك لەنێوان نیوەی یەکەم و دوەەمی بەیتەکەدا هەیە . نیوەی یەکەم دڵ نەرمێ و خۆشەویستێ و بەزەیێ ئەگەیەنێ و ، نیوەی دوەەم گرفتارێ و ئازار .. هەرچەند ئەوەش هەر بە دیمەنە و ڕاستی مەعنای هەردوو نیوەکە ئەگەڕێنەوە بۆ یەك سەرچاوە .

(٣) دەر : بەردەرگا . شایەد : بەڵکو . بییەم : بیبیسم .

واتە : خاکی بەردەرگای ماڵت جێگای ساڵەهای ساڵمە ، چەندین ساڵە تیا کەوتووم .. دەبا جارێ لە دەمت بیبیسم بڵێی ئاڵێ سەگی بەوەفای بەردەرگامە و لەگەڵ ئەو هەموو دەرد و مەینەتەشدا کە لە بەردەرگای ماڵمدا چەشتی هەر بەجێی نەهێشتم ..

جارێ (خب) : بارێ .

(٤) عوذار : بناگوێ . مووی ناوچاو . گۆنا . ڕوخسار .

واتە : بەهۆی زوڵفتەوەیە دڵم بە گڕی ئاگری ڕوومەتت ئەسوتێ ، چونکە زوڵفی ڕەشت شەوەزەنگێکی بەرپا کردووە و ، ڕوومەتیشت تیا بووە بە چرا و ، دڵی منیش پەروانەیە و ، پەروانە لە هەرکوێ چرا ببینێ ڕووی تێ ئەکا و خۆی ئەدا بەدەم گڕیەوە . کەواتە وا دەرکەوت

کێ بێ لە جیهاندا چ گەدا بێت و چ شا بێ
تەرکێکی وەها ناسك و پڕ لەذذەتی.... ؟! (٣٣)

★ ★ ★

دێوانە کە زانێ کە دەبێ عوقدەگوشا بێ
هەستاوو گوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فیدا بێ ! (٣٤)

---

(٣٣) تەرك ، تەرەك: کچی نەکراوە. ئەشکونجێ (تورك) بێ کە کینایەیە لە نازدار و دڵدار.

لەپاش ئەو هەمۆ پرسیار و ناوونیشان هەڵدانە کە (نالێ) بە زوبانی (مەستۆرە)وە گێڕایەوە ، لەم بەیتە ئەبێ بە پوختـەی پرسیارەکە و ، بەیتەکانی پاشەوەش وەڵامی پرسیارەکەن.

تەرکێکی: ئەمە تێکستی (اح) و ( « پەراوێزی » خا ) یە . (چر) و (ك) و (تو) و (عب) و (من) و (کش): سبزڕێکی . یا بەمەعنای (نهێنییەکی) یا (سوڕڕەیەکی)یە ، واتە: ناوکێکی ، کە کینایە بێ لە خوار ناوك ! . (عم) و (گم): سمتێکی . (ت) و (خا): طورفەیکی . طورفە بە شتێ ئەڵێن ئەوەندە نایاب بێ کەس وێنەی نەدیبێ . نازك (عم) و (گم): ناسك .

لەگەڵ ئەوەش کە هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان ، (خب) نەبێ ، ئەم بەیتەیان تیایە و لەبەرئەوە مەیدانی دانی ئەپاڵ کەسێکیتر لە نالێ بەولاوە ، ئێجگار تەسك ئەبێتەوە لەڕۆی ڕەخنەگردا ، ئێمە هێشتا هەر بەلای ئەوەدا ئەچین کـە هیی نالێ نەبێ و شاعـیرێکیتر لەلاوە هاتبـێ و دایناببێ و خستبێتیە چـوار چێوەی پارچە شیعرەکەوە و لەگـەڵ بەیتەکانی کەی تێهەڵکێش کردبێ . بەڵگەی ئەم بۆچۆنەشمان ئەمەیە:

١ ــ پرسیارەکە تێکڕا پڕە لە تەعبیری ناسکی ئەدەبێ و مەجاز و کینایە و شوبهاندنی ڕەوانبێژانە و ، بەزەحمەت لەگەڵ ئەم زەقێ و بێپەردەییەدا ئەگونجێ کە لەم بەیتەدا هەیە.

٢ ــ پارچە شیعرەکە لە دۆ بەش پێکهاتووە ، بەشێکی پرسیار و بەشێکی وەڵام . ئەگەر بشڵێین بەیتەکە هیی نالییە ، ئەبۆ لە داوێنی وەڵامەکەوە و بە داڕشتنێکیتر دابنایە ، نەك لێرەدا کـە بەجارێ سیحری پرسیارەکە هەموی بەتاڵ ئەکاتەوە و هیچی تیا ناهێڵێ .

(٣٤) دێوانە: شێت . دەروێش . کینایەیە لە (هێنەکەی) نالێ . عوقدەگوشا:

شەعائیر یەك بەیەك مەسرۆری سیڕڕی غەیبی لاڕەیبیێ
مەساعیێ سەربەسەر مەشکوری دەرکی بەیتی باریێ بێ ! (٦)

نیشانەی (صبغة اللهي) لەسەر ئیسم و موسەممایە
بە بێ نەیرەنگی ئەو ڕەنگە کە ڕەنگی ئیفتیخاریێ بێ (٧)

---

هاودەم و ئاگاداری بێ کە ئافەریدەگاری هەمێ زیندەوەرانە . خێ ئەگەر نیازی کۆچ کردنیشی هەیە بێ مەدینە ، ئەوا گیانی پاکی خۆشەویستانی خوا هاوکۆچ و هاوڕێی ڕێگای بێ .

وەك لە سەرەتادا ئیشارەتمان بێ کرد ، بەم بەیتەدا دیارە نۆریی ڕۆدباریێ لە پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندیێ بووە .

گوزین (چـر) و (کم) و (گم) و (ك) و (عب) و (اح) و (خا) و (خب) : گوزین بێ . (من) : نوشین بێ . ڕۆحی (چـر) و (کم) و (گـم) و (ك) و (عب) (اح) و (خا) و (خب) : ڕۆح .

(٦) شەعائیر : جەمعی شەعیرەیە بەو کردەوانە ئەڵێن کە پێویستە لە حەجدا بکرێن . غەیب : نادیاریێ . لاڕەیبیێ : خوای گومان لێنەکراو . مەساعیێ : جەمعی مەسعایە واتە هەوڵ و تەقەلا . مەشکور : سوپاس کراو . دەرك : لێ حاڵیێ بوون . دەرگا . بەیت : خانێ . باریێ : خوا .

واتە : یاخوا نۆریی ڕۆدباریێ داب و نەریتی حەج بەجۆرێ بەجێ بێنێ خوای نادیاری گومان لێنەکراو خۆشحاڵ بێ لێی .. هەرچێ هەوڵ و تەقەلایەکیش ئەدا لە ڕێگەی خوادا ، لە قاپیی ماڵی خوادا ئەوەندە پەسەند بێ سوپاسی بکرێ لەسەری .

شەعائیر یەك بەیەك : تێکڕای نوسخەکان تیا کەوتبێنە هەڵەوە ، ئێمە خێمان بەپێی ڕێ و شوێن ڕاستمان کردەوە . ئەمەش ئەوەی لە نوسخەکاندا نوسراوە . (چر) و (کم) و (اح) و (خا) : شیعارێکی بە یەك . (چن) و (عم) و (گم) و (ت) و (ك) و (عب) : شیماری یەك بەیەك . غەیبی : ئەمە تێکستی (عم) و (کم) و (من)ە . نوسخەکانی تر هەمێیان : غەیب . دیارە ئەمیش ( غەیبی ) یە .

(٧) صبغة اللهي : ئەوەی خوا ڕەنگی ڕشتبێ . موسەمما : ناونراو . نەیرەنگ : فێڵ و تەڵەکەبازیێ . ئیفتیخاریێ : شانازیێ پێوە کردن .

واتە : نۆریێ نیشانەی ئەوەی پێوەیە کە خوا ڕەنگی ڕشتووە و ڕەنگی ئەوی پێوەیە و لەو جۆرە بنیادەمانەیە کە ئەو خۆشی ئەوێن ، یاخود

خارایی سەوز و شینی لەبەرکردووە جەبەل
دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی ! (٧)

---

باخەوان و گوڵچینیش هەن کە کێشەیانە بۆ سوودێکی تەسکی ڕۆژانە . گوڵ ئەیەوێ بمێنێتەوە و بە ڕووی بلبلەوە بشنێ و ، بلبلیش ئەیەوێ بۆ گوڵ بجریوێنێ .. باخەوانیش خزمەتی گوڵ ئەکا و دڵی بە گوڵەکانی خۆشە و ئەیەوێ خۆی لێ بەهرەمەند بێ ، گوڵچینیش خواخوای ئەوەیەتی خونچەیەک زۆر پشکوێ و بێ بە گوڵ و بیکاتەوە و بیبا بەدیاریێ یا بیفرۆشێ .. نالییش ئەڵێ لەم بگرە و بەردەی باخەوان و گوڵچینەدا کە هەرچۆن بێ بە زەرەری گوڵ و بلبل تەواو ئەبێ ، بلبل باخی لێ ئەبێ بە دۆزەخ و هەڵئەفڕێ و دوور ئەکەوێتەوە و ، گوڵیش ڕائەچێ کەوا هەم بلبلی لێ دوورکەوتەوە و هەم هاکا گوڵچینیش کردیەوە و بردی و مراندی ..

ئەشتوانین بلبل و خونچە بە دلدار و یاری ڕاستەقینە مەعنا لێبدەینەوە ، بڵێین کە باخچە و باخ وایان لێهات گوڵچین و باخەوان ڕۆیان تێ بکەن ، لیتر دلداران و یاران دوور ئەکەونەوە و ڕۆیان نابێ خۆیان دەرخەن و ، ئەو گۆشەگیر ئەبێ و ئەمیش لە خەفەتا دڵی ڕائەچڵەکێ ..

خۆ ئەگەر ( بگرە بەردەیی ) بە ( بیکری پەردەیی ) بخوێنینەوە ، وەك لە هەندێ نوسخەدا نوسراوە و پاشان ئیشارەتیان بۆ ئەکەین ، ئەوا مەعنایەکی تری ناسك دێتە ئاراوە و ، ( بیکر ) واتە (کچ) باغەبانەکە ئەبێ و پاسەوانیی (باخەکەی) خۆی ئەکا و ، مەبەست لە (گوڵچین)یش لای ئەولا و ، مەبەست لە (بولبول کەنار گرتن)یش ئەوە ئەبێ کە بەری ئەولا جێیەکی تایبەتی بۆ خۆی بگرێ و ، مەبەستیش لە (ڕاچنینی دڵی غونچە) ترس لێنیشتنی خونچەی نەپشکوتوی (بیکر)ەکە ئەبێ ..

بگرە بەردەیی (عم) و (کم) و (گم) : بیکری پەردەیی . (ت) و (من)یش هەر لەم ئاقارەدا ئەسوڕێنەوە، بەڵام بە هەڵەوە . گوڵچین و (عم) و (گم) : گوڵچینی . (ت) و (خا) و (خب) : گوڵچین . بۆهەردوکیان ئەگونجێ .

(٧) خارا : جۆرە قوماشێکی ئاوریشمە لە جوانیدا وا دێتە پێش چاو کەوا شەپۆل ئەدا . دوو جۆری هەیە : سادە و خەت خەت . جەبەل : چیا . دامێن : داوێن ، بنار . وەرد : گوڵ ، یا زەویی کێڵراو کە ئامادە کرابێ بۆ تۆو تیا داچاندن .

واتە : شاخ بەرگی گیا و گەڵای سەوز و شینی پۆشیوە کە لە

وادیٖ بووه به وادیی پڕ نووری ( طوور )ی ( نار )
( نەعلەین ) لە پێ فڕێ بدە « نالی » بە ( ئەیمەنی ) (٨)

---

شەپۆلدانەوەی ڕەنگدا ئەڵێی پارچەی خارایە لەبەریا . داوێنی شاخیش هەمو هەر گوڵاڵە سوورەیە ، یا زەویی هەڵگێڕراوەبە سوور ئەکاتەوە .. دەستم بە داوێنی شاخ بێ و لە خێـر و بەرەکەتی ئەو گوڵاڵە سوورەیە یا ئەو وەردە هەڵگێڕراوەیەم دەسگیر بێ ! .

هێنانی ڕستەی (دەستم بە دامەنی) بۆئەوەیە تێبگەین کە ئەشتـواتریٖ ( جەبەل ) بە ( ئافرەتی باڵابەرز ) مەعنای لێبدرێتەوە و ، ئەو کاتە مەعنای ( وەردی سوور ) و چۆنیەتیی ( دەس بە دامێن بوون )یش ئاشکرا ئەبێ ..

لەنێوان ( سەوز ) و (شین) و (سوور)دا تەناسوب و ، لەنێوان (دامێن) و ( دامەن )دا جیناسی ناقیص هەیە .

شینی (اح) : سووری. دامێنی (چر) و (عم) : دامێن. دیارە (دامێنی)یە. (گم) : داوێنی . وەردی (چر) : وەردە . (اح) : وەرد . بۆ ( وەردی ) و ( وەردە )یش ئەگونجێ . سوورە (چر) و (اح) : سەوزە .

(٨) وادیٖ : شیو . طوور : کێوی طوور . ( نەعلـەین ) : جوتـە نەعل ، جوتە کەوش . ئەیمەنی : هێمنی .

نالی لەم بەیتەدا ئیشارەت ئەکا بـۆ ئایەتی ( فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ اِنَّكَ بِالوادِ المُقَدَّسِ طُوىً ) لە باسی حەزرەتی موسادا ، واتە : پێڵاوەکانت داکەنە ، چونکە تۆ لە شیوی پیرۆزدای کە شیوی داوێنی کێوی طوورە کە نووری خوای تیا دەرکەوت بۆ موسا و شاخەکە بەو نوورە گڕی تێبەربو سوتا .. هەروەها لـە وشەی (ئەیمەن)یشدا ئیشـارەت بە دوو ئایەتیتر کراوە کە هەر باسی ئەم بابەتە ئەکەن ، ئەوانەش ئایەتی ( .. مِنْ جانِبِ الطُّورِ الاَيْمَنِ ) و ( .. مِنْ شاطِيءِ الوادِي الاَيْمَنِ )ن .

واتە : دۆڵ و شیو بەهۆی داهاتنی بەهارەوە وەك شیوە پڕ لە نوورەکەی طووری لێ هاتووە کە گڕی تێبەربو .. کەواتە تۆیش ئەی نالی ، وەك موسا ، پێڵاوەکانت داکەنە و بەهێمنی بە پێی ڕووتی بەسەر ئەو گوڵ و گیایەدا بڕۆ .

لەنێوان (نوور) و (طوور)دا جیناسی لاحیق و ، لەنێوان (نـوور) و (نار)دا جیناسی لاحیق و تەناسوب و، لەنێوان (وادیٖ) و (نەعلەین)دا تەناسوب و، لە (وادیٖ) و ( نەعلەین ) و ( هێمنی )دا ئیقتیباس هەیە .

طووری (چـر) و (کـم) و (ت) و (ك) و (اح) و (خـا) : طـوور . دیارە ( طووری )یە . (تو) و (عب) و (خب) : طوور و . مەعنای نایەت .

عەرعەر عەدیلی قەددییە ، یەعنی بەرابەرن
سونبول شەبیهی زولفییە ، فەرقی نییە موێ (٣)

لەم خۆشییە کە هێزمی مەطبەخ سەوز بووە ،
ماوم عەجەب لە دیدەیی صۆفی کە ئاڕوێ ! (٤)

---

لەبارەی دەرۆنەوە هەموو لە یەك ئەچن و بنیادەم ناتوانێ لە یەکیان جیا بکاتەوە ، چونکە هەرچێ گوڵە یاری بولبولە و هەرچێ نازدارانیشن یاری دڵدارانیانن ، تەنها بەدیمەن لە یەك جوێن ، کەسێ بۆیان بڕوانێ ، دیاریان ئەکا و لە یەکیان ئەکاتەوە .

خۆشەدا (عم) و (گم) : خۆشە وا . گوڵ و (اح) : گوڵ . دیارە (گوڵ و)وە . (خا) : گوڵی . مەعنای نایەت . گوڵ چیهرە (چن) : گوڵ غونچە .

ئەم بەیتە ، لەگەڵ بەیتی پاشەوەی لە (عم) و (کم) و (گم)دا پاش و پێش و ، لە (عب) و (من)یشدا بەیتی چوارەمە .

(٣) عەدیل : هاوتا . موێ : مۆیەك .

واتە : لەم باخ و گوڵزاری بەهارەدا کە نازدارانی تێ‌ڕژاوە ، داری بەرز و باریکی عەرعەر ، دەق ، وەك باڵای یار وایە و ، ئەوەندەی یەکن . تاڵی گیای بۆن‌خۆشی سونبولیش کوتومت لە زولفەکانی ئەچێ ، مۆیەك چییە جیاوازییان لەبەینا نییە .

شوبهاندنی عەرعەر بە باڵای یار و ، سونبول بە زولفی ، بۆ دەربڕینی زیادڕەوییە لە بەرزێ و باریکیی باڵای یار و ، بۆن‌خۆشیی تاڵەکانی زولفیدا و پێی‌ئەڵێن (تەشبیهی مەقلوب) ، ئەگینا ئەبو باڵای یار بە عەرعەر و ، زولفی بە سونبول بشوبهێنرایە . وردەکارییەکی جوانیش لەوەدا هەیە کە ناڵی ئەڵێ زولفی یار و سونبول مۆیەك جیاوازیان لەبەینا نییە ، لەکاتێکا کە زولف خۆی مووە .

ئەم بەیتە لە (تو) و (عب) و (من)دا بەیتی پێنجەمە .

(٤) هێزم : دار . مەطبەخ : چێشت‌خانە . ئاڕوێ : سەوز نابێ . تەڕ نابێتەوە . ئەبڵەق نابێ .

واتە : ئا لەم وەرزە خۆشەدا کە هەموو شت لە جم‌وجوڵ و گەشەکردن و بوژانەوەدایە ، تەنانەت داری وشکی زەنگەڵێنی چێشت خانەیش

تیپی شکۆفە ، خەیمەیی داوە لە هەر طەرەف ،
یا شاهی نەوبەهارە ، هەڵیداوە هۆردوێ ؟! (٥)

دنیا کە گوڵ گوڵێ بووە ، قوربان ، ئەتۆش وەرە ..
طالیب بە گوڵ بە ، قەیدی چییە گوڵ گوڵی بوێ ! (٦)

---

سەوز بووەتەوە ، سەرم لە سۆفێ سڕماوە کە چەند وشك و دڵڕەقە ، فرمێسکی شادمانێ ناکەوێتە چاوی و ، چاوی بە تەماشای ئەم دیمەنە جوانانەوە ئەبڵەق نابێ . دیارە صۆفێ وەك دڵی کوێرە ، چاویشی کوێرە و هیچ نابینێ .

سەوز بووە (عم) و (گم) : ڕوایەوە .

ئەم بەیتە لە (تو)دا بەیتی سێهەم و ، لە (عب) و (من)دا بەیتی دۆهەمە .

(٥) شکۆف : شکۆفە ، هەڵاڵەی درەخت . خەیمە : دەوار . طەرەف : لا . هۆردۆ : لەشکر .

واتە : نازانم ئەم دیمەنە سپییە جوانەی ئەیبینم ، تیپی هەڵاڵەی درەختەکانە بۆ هەر لایەك ئەڕوانێ دەواری خۆی هەڵداوە ، یاخود شای نەوبەهارە بارگەی ئۆردوی خستووە و خێوەتی سپیی بۆ داکوتاوە ؟!

تیپی : (عم) و (گم) نەبێ ، هەمۆ نوسخەکانی بەردەستمان تیا کەوتۆتەتە هەڵەوە و وایانزانیوە عەرەبییە بە (طیب) یا (طیب)یان نۆسیوە ! بۆیە ئەڵێین هەڵە چونکە ئاشکرایە لێرەدا مەبەست (طیب)ی عەرەبیی بەمەعنا بۆنخۆشێ نییە . یا شاهی (ت) : پاشایی . بەپێی ئەم نوسخەیە نیوە بەیتی دۆهەم عەطف نابێ بۆسەر نیوە بەیتی یەکەم و ، لە هیچکام لە دۆ نیوە بەیتەکەدا پرسیار نابێ ، بەڵکو هەمۆی (جوملەی خەبەرێ) ئەبێ و (شکۆف)یش (شکۆفە) ئەبێ و نیوە بەیتی دۆهەم (حوسنی تەعلیل) ئەبێ بۆ نیوە بەیتی یەکەم .

ئەم بەیتە لە (تو) و (عب) و (من)دا بەیتی شەشەمە .

(٦) گوڵگوڵێ : گوڵگوڵین . ئەوەی هەمۆ گیانی گوڵ بێ .

واتە : دنیا یەك پارچە بووە بە گوڵ و ڕازاوەتەوە . قوربان تۆیش وەرە بۆ سەیر ، مەڵێ من خۆم گوڵم ، پێویستم بە دیتنی گوڵ نییە .. هەر گوڵت بوێ چاکە ، قەید ناکا ئەگەر گوڵ بێ بۆ سەیری گوڵ ..

لەنێوان (گوڵگوڵێ) و (گوڵ ، گوڵی)دا جیناسی تەرکیب هەیە .

چ خۆشە من وەکو تـاژیٖ بنۆڕم
ئەتۆش هەروەك غەزالەی بەڕ هەڕا کەی ! (٥)

بە حەسرەت عومری من یەکبارە فەوتا
مەگەر عومریٖ دوبارەم پیٖ عەطا کەی (٦)

گوتت : «نالیٖ» ! ئەتۆ بمرە ئەمن دیٖم
خودا کەی بیٖ ، خودا کەی بیٖ ، خوداکەی ! (٧)

---

ئەم بەیتە وەك تەواوکەری بەیتی پیٖشوٖ وایە . واتە : گلەییت لیٖ ناکەم هەرچیم لیٖ بکەی ، چونکە من دلدارم و ، دلداریش لای وایە هەرچیٖ لـە یارەوە بیٖ خۆشە .. بۆیە هەمیشـە دەسەو دوعام و لە خوا ئەپاڕیٖمەوە ئاخۆ کەی بیٖ بە تیریٖکی نیگای ستەمکارت شەهیدم بکەی .

ئەشکونجیٖ مەبەستی نالیٖ هەر دەربڕینی سۆزی دیدار بیٖ و ، بەیتەکە پەیوەندی بە بەیتی پیٖشووەوە نەبیٖ .

وەقتم (عم) و (کم) و (عب) و (من) و (خب) : وەختم . (گم) : کاتم !! . داخۆ (کم) : ئاخۆ . بیٖ (کم) و (ت) و (من) : دیٖ . (گم) : بیٖی .

(٥) چ : چەند . تاژیٖ : تانجیٖ ، سەگی ڕاو . بنۆڕم : نۆڕە جۆرە دەنگیٖکی سەگە وەك لوٖرە و قوٖزە ، لە کاتی هەست بە بیٖدەسەلاتیٖ و بیٖچـارەییدا لیٖیەوە دەرئەچیٖ .

واتە : چەنـد خۆشە وەك تانجیٖ بەدواتا ڕاکەم و پیـاتا نەگەمەوە و لە خەفەتی ئەوەدا بنۆڕیٖنم و ، تۆیش وەك ئاسکی دەشت هەڵبیٖی و بدەیتە غـار و .. بەوچەشنە لەنیٖوان ئومیٖد و نائومیٖدیدا بم !

تاژیٖ (چر) و (عب) و (من) : تازیٖ . غەزالەی (عم) و (کم) : غەزالی . ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی لە (چر)دا لە شویٖنی یەکتردان .

(٦) حەسرەت : داخ و خەفەت . یەکبارە : بەیەکجاریٖ .

واتە : ئازیز ! لە داخی دەردی دوٖریت عومـرم بەجاریٖ لەناوچوٖ .. مەگەر عومریٖکی نویٖم پیٖ ببەخشیتەوە و زیندوٖم کەیتەوە ، ئەوەش بەوە کە بە وەصلی خۆت شادم کەی ..

(٧) واتە : ئازیز ! تۆ پیٖت وتم بمرە ، دیٖمە سەرت .. منیش لە خۆشیی ئەو مژدەی هاتنەی تۆدا چاوەڕوانی مردنم و ئاواتەخوازیمی .. سا خوایە

# ئاخۆ دەستنوسێکی ( دیوانی نالی ) هەیە
# بە خەتی ( نالی ) خۆی ؟

وەختی خۆی کاك موحەممەد موصطەفا هۆشەنگ کە لە ئاژانسی دەنگوباسی عێراق کار ئەکا ، بەراوردێکی نوسخە چاپەکەی (کم) و نوسخەیەکی دەستنوسی بۆ ناردبوین کە ، وەك ئەڵێ ، زۆتر لە مەلا یەحیای کوڕی مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانیی وەرگرتبو و ، نوسیبوی : « ئەم تەصحیحات و زیادییانەم لە دیوانێکی دەسخەتی مەلا خضری نالی وەرگرت کە ئەو دیوانە هیی مەلای چروستانی بو ، بەهۆی مەلا یەحیای کوڕیەوە خواستم و سودم لێ وەرگرت ( لە ) ١٩٤١ ( ی )مدا لە سولەیمانی » .

زۆری پێنەچو ، وەك لە پێشەکییەکەدا وتمان ، دەستنوسێکی تەواوی دیوانی نالیمان لە ڕێگای کاك ئەحمەدی چروستانییەوە دەسگیر بو مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانیی باوکی نوسیبویەوە . ئەو نوسخەیە ، چەند بەڕە بەراوردەکەی کاك هۆشەنگی لەبیر بردینەوە و من خۆم کە بەراوردی نوسخەکانم ئەکرد ئەوەم بە بیردا نەهاتبو کە مەبەستی کاك هۆشەنگ لە « دیوانێکی دەسخەتی مەلا خضری نالی» ئەوەیە دیوانەکە بە خەتی نالی خۆی نوسراوەتەوە و، ئیددیعایەکی‌واش لێکۆڵینەوە و کەوتنە پەیجوۆرێکی باشی ئەوێ ..

تا لەمدواییەدا کە ئەم دیوانە خرابوە ژێر چاپ و موحەممەدی برام پێش چاپ بیا ئەچوەوە ، لەبارەی بابەتێکی سەر بە نالییەوە تەلەفۆن بۆ کاك هۆشەنگ ئەکا . هۆشەنگ پێی‌ئەڵێ کەوا بەراوردەکەی لەسەر دەستنوسێکی نالی خۆی ، ئامادەکردوە . کە موحەممەد ئەوەی بۆ گێڕامەوە ، هەستم بەو هەڵەیە کرد کە تێی‌کەوتبوم و بەراوردەکەی هۆشەنگم لەیاد چوبو . لەچاپدانی دیوانەکە لە دوادواییدا بو ، بۆیە مەیدانی ئەوە نەبو کەلکێکی ئەوتۆ لە بەراوردەکە وەربگیرێ . لەگەڵ‌ئەوەش کەوتینە بەراورد کردنی لەگەڵ دەستنوسەکەی چروستانی خۆی . بۆمان دەرکەوت ئەو دەستنوسەی کاك هۆشەنگ دیویە ، ئەوەندەی کە خۆی دەس‌نیشانی کردبێ ، لە ١٢٢ شوێندا جیاوازیی لەگەڵ چاپەکەی (کم) هەیە و ،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ سوپاسێکی زۆری کاك هۆشەنگ بکەین کە هەر لە سەرەتاوە پیاوانە هات بەدەم بانگەوازمانەوە و ئەو بەراوردانەی بۆ ناردین و ، ئەبێ ئەوەش بڵێین کەوا لە بەراوردەکانیا ، لە پارچە شیعری **گوڵبنی قەددت لە قوبەی سینە غونچەی کردووەدا** بەیتێك هەبۆ ، ئەو بەیتە لە (عم) و (گم)یشدا هەبۆ ، بەڵام ئێمە بە هیی نالیمان نەزانێ ، بۆیە لە پەراوێزا نۆسیمانەوە . دەرکەوت هەمان بەیت لە پێنج‌خشتەکییەکی ( وەفایی )یشدا بەسەر ئەو پارچە شیعرەوە هەبۆ و ، لە داوێنی نوسخەی (عب)دا نۆسرابوەوە ، هەرچەند (عب) بۆخۆی لە دیوانەکەی نالیدا ئەینۆسیبوەوە . ئێمە لەکاتی خۆیدا پێمان‌ئەزانێ کەوا لەناو بەراوردەکانی کاك هۆشەنگیشدا هەیە ، ئەگینا هەر لەگەڵ خشتە پەراوێزەکەیدا باسی ئەوەشمان ئەکرد . هەروەها لە پارچە شیعری **وەرە ساقێ ! بە شین و نەدب و واوەی**یشدا دۆ بەیت لەو بەراوردەدا هەبۆ ، یەکێکیان لەپاش بەیتی یەکەم و ئەویان لەپاش بەیتی دۆهەمەوە . لەو دۆ بەیتەشمان لە شوێنی خۆیاندا لە پەراوێزا نۆسییەوە .

**فاتح عبدالکریم**

★ ★ ★

# پێڕستی پارچە شیعرەکانی دیوانی نالی


| ژمارە | نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | **پیتی ئەلف** | |
| (١) | ئەی جیلوەدەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا | ٧٥ |
| (٢) | ئەستێرە هەمو مەحوە لەنێو نوری قەمەردا | ٧٩ |
| (٣) | تا تایی سەری طوڕڕەیی پڕ پێچشی با دا | ٨٣ |
| (٤) | تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لەنێو ئەودا | ٨٧ |
| (٥) | جۆشش و تابە لەنێو دیدەیی گریانمدا | ٨٩ |
| (٦) | گەر بێیە دەرێ ، سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا | ٩٣ |
| (٧) | ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕۆمەتی ڕەنگینتە ، بازا | ٩٥ |
| (٨) | ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر تەقوییەتی سەبەب دەکا | ٩٧ |
| (٩) | بولبولی طەبعم ئەوا دیسان ئەناخوانێ دەکا | ١٠١ |
| (١٠) | طەبعی شەککەرباری من ، کوردێ ئەگەر ئینشا دەکا | ١٠٦ |
| (١١) | پێم دەڵێن : مەحبوبە خێڵ و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا | ١٠٨ |
| (١٢) | چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی میسکین دەکا | ١١١ |
| (١٣) | یا بدرَ علوٍ و ضیاءٍ و کمالٍ | ١١٤ |
| (١٤) | حیرەتزەدە وا دیدە وەکو حەلقەیی دەر ما | ١١٨ |
| (١٥) | جەنانی وەك جینان کردم بە ماوا | ١٢٢ |

### تیپی ڕێ


(١) ئیلتیقای پۆڵاوو ئاسن هەر نیزاعە و گیرودار ........ ١٧٠
(٢) قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرۆر ! ........ ١٧٤
(٣) سەیلی هیجرت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامەدەر ........ ٢٠١
(٤) شەوی بەهاری جوانێ خەوێ بو پڕ تەشویر ........ ٢٠٤
(٥) تیر ناز نگەهك هەر دلە نیچە یری وار ........ ٢١٧
(٦) نفس ساعت گیبی ایشلرسە گر یاد ایلە طاعتدر ........ ٢١٩
(٧) آن زلف مشکبار بدان روی چون نگار ........ ٢١٩


### تیپی زێ


(١) خاو و بێخاوی دو زولفی خاوم از ........ ٢٢١


### تیپی ژێ


(١) هەی کەرێکم بۆ ، چپەیکەر ؟ طەی کەری هەوراز و لێژ ........ ٢٢٤


### تیپی سین


(١) کە تۆ هاتی ، لە نەومیدێ نەما بـاس ........ ٢٣٠
(٢) لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیۆلا نییە باس ........ ٢٣٣
(٣) صابۆنی کەففی پێیە کەفی زاری چاپلوس ........ ٢٣٧


### تیپی طێ


(١) مۆی سپێ کردم بە شوشتنێ ئاوی عەینی شۆرە شەط ........ ٢٤٢


### تیپی قـاف


(١) قوربان ، مەحالە پێکەوەبن صەبر و ئیشتیاق ........ ٢٤٨

| ژمارە | نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك | لاپـەڕە |
|---|---|---|
| (٢) | چییە گوارە گوناهی ، وا بە ئەستەق | ٢٥١ |


## تیپی کاف

| | | |
|---|---|---|
| (١) | ئەی شۆخی بێ‌نیاز و گران‌ناز و غەمزە سـوك | ٢٥٥ |


## تیپی میـم

| | | |
|---|---|---|
| (١) | بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام | ٢٦١ |
| (٢) | ئەی تازە جەوان ! پیرم و ئوفتادەوو کەوتوم | ٢٦٤ |
| (٣) | حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دلی زارم | ٢٧١ |
| (٤) | دەورانییە ، وەك هێلەکی بەوەدا ، سەری گێژم | ٢٧٦ |
| (٥) | عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم | ٢٨٠ |
| (٦) | شەو هات و ئەمن مەستی خەیالاتی کەسێکم | ٢٨٣ |
| (٧) | ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەر و مالم | ٢٨٦ |
| (٨) | لایقی مەخزەنی طەبعە هەمو کەنزی غەزەلم | ٢٨٨ |
| (٩) | عەزیزم ، ڕۆحی شیرینم ، دو چاوم ! | ٢٩٣ |
| (١٠) | گەر دەپرسێ من لەبەرچێ کەم دەخۆم | ٢٩٥ |
| (١١) | وەی کە ڕۆزەردی مەدینە و ڕۆسیاهی مەککە خۆم ! | ٢٩٩ |
| (١٢) | دل دەلێ سەیری چەمەن خۆشە ، جەوابی نادەم | ٣٠٥ |
| (١٣) | فاتیحە ! تەسخیرە شاری دل بە طابوری ئەلەم | ٣٠٨ |
| (١٤) | لەبت میم‌و ، قەدت ئەلف و ، زولف چیم | ٣١٢ |
| (١٥) | سوی مصر است مرا عزم از این لجهء غم | ٣١٣ |


## تیپی نـوون

| | | |
|---|---|---|
| (١) | کە تۆی قیبلە ، دەمت سـا بێتە قوربان ! | ٣١٥ |

| لاپەڕە | نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك | ژمارە |
|---|---|---|
| ٣١٧ | ڕەفیقان ! من ئەوا ڕۆیم لەلاتـان | (٢) |
| ٣٢٠ | لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێڕی شێوان | (٣) |
| ٣٢٣ | ئەهلی تەعدادی مەحاسینِ توسیان | (٤) |
| ٣٢٦ | ڕەقیب و موددەعێ فیتنە و عیلاقەی چاوی جادوێن | (٥) |
| ٣٣١ | ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بۆمن | (٦) |
| ٣٣٣ | دوری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من | (٧) |
| ٣٣٧ | خەندە و دەمی مەحبوبە کەوا زۆر نەکێنن | (٨) |
| ٣٤٠ | ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شـاهن | (٩) |
| ٣٤٥ | خەطات فەرمو کە خۆشە چینێ و ماچینێ | (١٠) |
| ٣٤٩ | بە جان سەختیێو دڵ بەردێ ، من و تۆ | (١١) |


## تیپی واو


| | | |
|---|---|---|
| ٣٥٥ | وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومیە نـاو | (١) |
| ٣٦٧ | هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بۆ | (٢) |
| ٣٧٠ | تا فەلەك دەورەی نەدا ــ صەد کەوکەبی ئاوا نەبۆ ــ | (٣) |
| ٣٧٥ | دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی ، فەرەقی بۆ | (٤) |
| ٣٧٩ | دەرونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ | (٥) |
| ٣٨٠ | نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ | (٦) |
| ٣٨٤ | زولفت کە لەسەر ڕۆ بە خەم و تابشە ئەمڕۆ | (٧) |
| ٣٨٧ | شەوی یەلدایە ، یا دەیجورە ئەمشەو | (٨) |


## تیپی هێ


| | | |
|---|---|---|
| ٣٩١ | ساقێ ! بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەو بە | (١) |

| ژماره | نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك | لاپــەڕە |
|---|---|---|
| (٢) | دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی ( حەبیبە ) ! | ٣٩٤ |
| (٣) | خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە | ٣٩٨ |
| (٤) | درونی لدار اا ( شارزور ) و بردە | ٤٠١ |
| (٥) | لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میثلی تەندوورە | ٤٠٦ |
| (٦) | وەصفی ڕوخساری لە فیکری بەنی ئادەم بەدەرە | ٤١١ |
| (٧) | ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە | ٤١٥ |
| (٨) | سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە | ٤٤٨ |
| (٩) | ( حلقه در گوش )ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە | ٤٥٠ |
| (١٠) | کەوا زەڕتایی یەکتایێ دەڵێی خورشیدی ئافاقە | ٤٥٥ |
| (١١) | بە مەرگی خۆت قەسەم ، زاهید ، هەمو عومرت عوبوورێکە | ٤٥٨ |
| (١٢) | سەری هەر مۆی بەدەنم طەرزە تەمەنناییکە | ٤٦١ |
| (١٣) | شاهێنی دو چاوت کە نیگا و مەیلی بەدانگە | ٤٦٤ |
| (١٤) | بنوازە وشکە صۆفی بۆ ڕەقصی بە هەلهەلە | ٤٦٦ |
| (١٥) | شکەنجی عەرض و طوولی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە | ٤٧٠ |
| (١٦) | سەودا زەدەکەی زوڵفت ، ئەزهاری لەکن پەشمە | ٤٧٤ |
| (١٧) | بایێ لە طەرەف قیبلەمەوە دێت و وەزانە | ٤٧٧ |
| (١٨) | ئەلا ئەی نەفسی بۆم ئاسا ، هەتاکەی حیرصی وێرانە ! | ٤٨٢ |
| (١٩) | سوروشکی من کە لێڵاوە ، غوباری کۆە و هامۆنە | ٥٢٠ |
| (٢٠) | دڵ سیاسەنگ نەبێ ، مائیلی خاکی وەطەنە | ٥٢٤ |
| (٢١) | لەووەختەوە بیستۆمە دێتن بە قەدەر چاوە | ٥٢٨ |
| (٢٢) | ئەو سیلسیلە وا میشکی خەطا تێوی براوە | ٥٣٠ |
| (٢٣) | زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە | ٥٣٢ |
| (٢٤) | تا لە من ئەو زوڵفە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە | ٥٣٨ |

| ژمارە | نیوەی یەکەمی یەکەم دێڕی هەر پارچە شیعرێك | لاپــەڕە |
|---|---|---|
| (٨) | بێ جوێ بۆنەوەیێ ، زەخم و برین و ئەئەرێ | ٦٥٠ |
| (٩) | ساقێ ! وەرە ، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی | ٦٥٥ |
| (١٠) | ( بَرِقَ البَصَرَ ) لەبەر بەرق تەلەئلولی لەئالێ | ٦٥٧ |
| (١١) | بنواڕە نەوبەهار و فوتوحاتی گوڵشەنی | ٦٦٢ |
| (١٢) | قەدری من چەندە لەلای دەولەتی دنیایی دەنێ ، | ٦٦٧ |
| (١٣) | موساوێ وەك یەك و لوولن لە هەردوولاوە زولفەینی | ٦٧٤ |
| (١٤) | نەفەس بگرە لە هاتوچۆیی خۆڕایێ هەتا ماوی | ٦٧٩ |
| (١٥) | گوڵ کە یاغێ و دەم دڕاو بوو ، کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی | ٦٩١ |
| (١٦) | تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ | ٦٩٧ |
| (١٧) | یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ | ٧٠١ |
| (١٨) | خاڵی نییە ڕەشماری دوو زولفت لە بەلایێ | ٧٠٤ |
| (١٩) | وەرە ساقێ ! بە شین و نەدب و واوەی | ٧٠٧ |
| (٢٠) | ( بِحَمْدِ اللّٰه ) دوو چاوی یارم ئۆخەی | ٧١١ |

## پرژ و بڵاو

| (١) | بڕێ پارچەی غەزەل یارم ، کەوای کرد | ٧١٥ |
|---|---|---|
| (٢) | یەك نیم رخت ( أَلَسْتُ مِنْكُم بِبَعِيد ) | ٧١٥ |
| (٣) | گۆشتی قەلەو حوققە بە چواردە پارە | ٧١٦ |
| (٤) | وەك دوڕ و یاقووت نەقشە : دندان و لەبی ئاڵی | ٧١٧ |
| (٥) | بدور دایری فنجانْ چینی | ٧١٧ |

# ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی چاپ

| هەڵەکـان | لاپـەڕە | دێڕ | ڕاستکردنەوەکەیان |
|---|---|---|---|
| نەبور | ٦ | ١ | نەبـۆ |
| ١٣١٢ ی | ١٢ | ٢١ | ١٣١٠ ی |
| هەمۆ | ١٣ | ٢٣ | زوربەی |
| گوڵخەنی | ١٩ | ٥ | كولخەنی |
| گوڵخەنی | ١٩ | ٧ | كولخەنی |
| گوڵخەنی | ١٩ | ٩ | كولخەنی |
| لەشكرەكەشیی | ٣٩ | ١٢ | لەشكركەشیی |
| یـە | ٤٤ | ٢٣ | نەمـا |
| بـاڵ | ٤٥ | ٣ | باس |
| نـاڵە | ٤٥ | ٢٢ | نـاله |
| تەكللوم | ٤٨ | ٩ | تەكەللوم |
| بـاڵ | ٥٢ | ١٣ | بـاس |
| بـاڵ | ٥٢ | ١٤ | بـاس |
| مایەی | ٦٨ | ١٥ | بەمـایەی |
| تیپی | ٧٥ | ٢ | پیتی |
| گەورەیێ | ٧٥ | ١٧ | گەورەیی |
| لەرزی | ٨٣ | ٥ | لەرزێ |
| لەرزی | ٨٣ | ٢٥ | لەرزێ |
| ڤۆت | ١٠٢ | ٦ | قـوت |
| خوڕدا | ١٠٩ | ٢٤ | خۆردا |
| بەڵام.. تاد دێڕی پاشەوەی | ١١١ | ٢٢ و ٢٣ | — |
| هەبۆن | ١١١ | ٢٤ | هەیە |
| بۆنخۆششییەكەی | ١١٢ | ٧ | بۆنخۆشییەكەی |
| بەڵام.. تاد دێڕی پاشەوەی | ١١٢ | ١٣ و ١٤ | — |

